# زمانی جەستە لە شیعری چەند شاعیرێکی کورددا (عەبدوڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، کەژاڵ ئەحمەد) بە نمونە

**نەزیرە صابر مصطفی[1]، هێمن عبدالحمید شمس[2]، سروشت جوهر حویز [3]**

[1،2،3] بەشی بەشی زمانی کوردی ، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی بونیادی دەق زمانە، بەتایبەتی لە شیعردا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. بەپێی ئەو حاڵەتە دەروونییەی گوزارشتی لێدەکرێت، دەکەوێتە ژێر چەندین پێوانەی هەمەجۆر. دەربڕینە زمانی و نازمانییەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە دەرونی مرۆڤەوە هەیە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕۆڵی زمانی جەستە وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی هەست و بیرکردنەوەکان لە شیعردا و چۆنیەتیی بونی جوڵەی جەستەیی بە هێمایەکی بێدەنگ، بۆ پەیوەندیی قووڵی نێوان تاکەکان، دەکۆڵێتەوە. جەستە لە شیعردا بە ئاوێنەیەک دادەنرێت، کە ڕەنگدانەوەی حاڵەتە دەرونییە ئاڵۆزەکان دەخاتەڕو، بەبێ ئەوەی پێویستی بە وشەی و دەربڕاو هەبێت. لە دنیای ئەدەبدا، بەتایبەتی لە شیعردا، زمانی جەستە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و دەبێتە بەشێکی گرنگی ئیستاتیکای شیعر. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر توانای شاعیر بۆ بەکارهێنانی زمانی جەستە وەک ئامرازێکی هونەری بۆ گەڕان بەدوای هەست و هێما کلتورییەکانی مرۆڤ، هەربۆیە هەوڵماندا‌وە زمانی جەستە لە شیعری چەند شاعیرێکی هاوچەرخ بە نمونە وەربگرین، لەوانە (کەژاڵ ئەحمەد، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ساڵح بێچار)، شیکارێکی وەسفی بۆ ئەو شیعرانە کراوە، کەزمانی جەستەی تێدا بەکارهاتووە، ئامارێکی سەرتاسەریش بۆ بەکارهێنانی زمانی جەستە کراوە لەو دیوانانەی بەکارهاتون، بۆمان دەرکەوتووە، کە چاو سەرچاوەیەکی گرنگی زمانی جەستەیە لای هەر شاعیرێك پلەی یەکەمی هەیە و دواتر دەم و لێو ڕوخسار، ئینجا گەردن و دەست و مەچەك و لەشولار، بە ڕیزبەندی بەدوایەکتردا دێن. توێژینەوەکە لە دوبەش پێکدێت: بەشی یەکەم تایبەتە بەلایەنی تیۆریی زمانی جەستە، بەشی دووەمیش تایبەتە بە زمانی جەستە لە شیعردا، خستنەڕوی کاریگەرییە دەرونییەکان و شیکردنەوەیان.

**وشە سەرەکییەکان:** زمانی جەستە، شیعر، چاو، دەست، ڕوخسار.

## پێشەکی [1]

ئەم بەڵگەنامەیە زمانی جەســـتە، یەکێکە لەهۆیەکانی پەیوەندیکردن، ئەم جۆری پەیوەندییەش تەنیا لە زمانی پەیوەندیی ڕۆژانەدا ســـنوردار نییە، بەڵکو لە زمانی نوسـینیشـدا بەشـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش ڕەنگیداوەتەوە و لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەردەکەوێت، لەڕێگەی دەربڕینەکانەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و دەبێتە بەشـێکی گرنگی ئیسـتاتیکای شـیعر. ئەم توێژینەوەیە بەناونیشـانی (زمانی جەستە لە شیعری کوردیدا)، هەوڵێکە بۆ خســـتنەڕوی میکانیزمەکانی بەکارهێنانی زمانی جەســـتە لە بەرهەمە شـیعرییەکانی شاعیرانی هاوچەرخدا لەوانە(کەژاڵ ئەحمەد، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، صالح بێچار).

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە شـــیعری هاوچەرخدا کراوە، بەڵام لەڕوی زمانی جەســتەوە لێیان نەکۆڵراوەتەوە، بۆیە لەم لایەنەوە هەسـت بەبونی کەلێنێک دەکەین.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** بەشـێوەیەکی پوخت باس لە زمانی جەستە دەکات لە شیعردا، چونکە زمانی جەســـتە تەنها لە زمانی ئاخاوتندا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لێرەدا هەوڵماندا‌وە زمانی جەستە لە زمانی نوسیندا لە شیعری چەند شاعیرێکی هاوچەرخدا بخەینەڕو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** خســـتنەڕوی گرنگی و ڕۆڵی زمانی جەســـتە لە شـــیعردا و ڕۆشنایی خستنەسەر بنیاتی زمانی جەستەیە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لە نوســینی توێژینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەســفیی شــیکاری کراوە، لە بەشی یەکەمدا لەڕوی وەسـفییەوە قسـە لەسـەر بابەتەکە کراوە و لە بەشی دووەمیشدا بە شیکاری و ئامارەکانی زمانی جەستە بۆ ئەنجامی بابەتەکە ڕۆشتووین.

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ٢ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٦ تشرینی دووەم ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ئایار ٢٠٢٥
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٦ تەمووز ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: nazira.sabr@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ نەزیرە صابر مصطفی، هێمن عبدالحمید شمس، سروشت جوهر حویز، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp154-169

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگ،ە لەم پێشەکییە، لە دو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بە چەمکی زمان و زمانی جەستە و پەیوەندیی زمان بە کلتور و فێرکردن و ڕەنگدانەوەی لەسەرکەسایەتی، دواتر زمانی جەستە بەپێی ڕەگەز کراوە، لە بەشی دووەمیشدا زمانی جەستە لە ئەدەب و شیعری کوردیدا شیکراوەتەوە، دواتر زمانی جەستە لە شیعری کوردیدا خراوەتەڕو بەپێی ئەندامەکانی جەستە، لەوانە(چاو، دەم و لێو و لوت و سەر....، دەست و قۆڵەکان و سینگ، لەشولار و قاچەکان).

لە ئەدەبی کوردیدا هیچ توێژینەوەیەکی لەم شێوە نەکراوە، واتە ڕۆڵی زمانی جەستە لە دەقی شیعریدا بخاتەڕو، تەنها دو نامەی ماستەر هەیە، کە تایبەتە بە زمانی جەستە، یەکەمیان: (زمانی جەستە، توێژینەوەیەکی وەسفی مەیدانییە) لە لایەن (شنە ئەبوبەکر ئەحمەد) لە زانکۆی سەلاحەددین. دووەمیان: بە ناونیشانی (شیکردنەوەی کردەقسەییەکان لە دەربڕینە نازمانییەکان(زمانی جەستە) ) لە لایەن (مەریوان ئەسعەد سەمەد) لە زانکۆی کۆیەدا توێژینەوەی لەسەرکراوە. بەڵام ئەم توێژینەوانە تایبەتن بە بواری زمانەوانی.

## بەشی یەکەم

### ١ . ١ زمان:

زمان، یەکێکە لە هۆیەکانی گفتوگۆکردن بە شێوەیەکی دەنگی، کە تایبەتە بە مرۆڤ بۆ لە یەکترگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم دیاردەیە لە نێوان گیانەوەرانیشدا هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز بە پێی سیستەمێکی دیاریکراو، کە هەر گیانەوەر و زیندەوەرێك جیاوازە لە یەکی تر، " زۆر لە توێژەران لەو بڕوایەدان زۆربەی ئەو ئاژەڵ و زیندەوەرانەی، کە بە کۆمەڵ دەژین، توانیویانە سیستەمێکی گواستنەوەی زانیاری لە نێوان خۆیاندا بە هۆی برگە دەنگییەکانەوە دابڕێژن و نەوە لەدوای نەوە بەکاري بهێنن" (مینە، 2004: 22)، بەڵام ئەوەی مەبەستە لەم توێژینەوەدا زمانی مرۆڤە، کە ئەویش خاوەن سیستەمێکی دیاریکراوە، هەر نەتەوەیەك زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە.

زمان چالاکترین دیاردەی ژیانی مرۆڤایەتییە. بونیادی زمانی هەمیشە لە نوێبونەوە دایە، توانای مرۆڤ لەم ڕوانگەیەوە سروشتییە، هیچ سنورێك بۆ ڕێژەی دەربڕینەکان نییە، بۆیە زمان بەردەوام لە گەشە و گۆڕاندایە. تاکەکانی کۆمەڵ، بەبێ پلانێکی ئامادەکراو، بەردەوام داهێنان لە زماندا دەکەن.

مرۆڤ، زمان بەشێوەی دەنگ لە دەربڕیندا بەکاردەهێنێت، لە ڕێگەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە یان بە شێوەی نوسراو، زمانەوانەکان زمانیان دابەشکردووە بۆ سێ جۆر:

1- زمانی پێوانەیی(سروشتی): مەبەست لەو زمانەیە، کە لە ئاوەزی مرۆڤ جێگیر دەبێت بە پێی هەمو ڕێسا و یاساکانی زمان، بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك.

2- زمانی ئاخاوتن(گشتی): ئەو زمانەیە، کە مرۆڤ لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە کاریدەهێنێت، بە کۆمەڵێك گۆڕانکارییەوە، کە یارمەتیدەرن بۆ ئاسانکاری لە درکاندندا و بەکارهێنانی کەمترین وزە لە کاتی ئاخاوتندا، ئەمەش بەشێکە لە ئابوریکردن لە زماندا.

3- زمانی ئەدەبی(تایبەتی): ئەو جۆرە زمانەیە، کە ڕێژەی لادانەکانی زیاترە (عەبدوڵڵا، 2011: 64-67) کە لە هەردو جۆرەکەی تر جیاوازە، تایبەتە بە دەقی ئەدەبی، نوسەر کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە هەمو ئاستەکانی زماندا دەکات ، بۆگەیاندنی مەبەستی جیاواز. دەقی ئەدەبی بە چەند هونەرێکی گرنگی بنیاتی زمانی بەرهەمدێت، لادان لە ئاستەکانی زمان و هەڵبژاردن بەشدارن لە نواندنی هونەر و ئەدەبدا.

زانستی زمان لێکۆڵینەوە لە هەمو پەیوەندییە زمانی و نازمانییەکان دەکات، بۆیە توێژینەوەکان دو ئاراستەیان گرتووە: توێژینەوەی تیۆری و توێژینەوەی کارەکی. زمانەوانیی کارەکی لقێکی گرنگی زمانەوانییە و بوارێکی فراوانی توێژینەوە زمانییەکان دەگرێتەوە، تیشك دەخاتە سەر جێبەجێکردنی تیۆرە زمانییەکان بە شێوەیەکی کارەکی، "زمانەوانی، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کێشە زمانییەکان لە ناو کۆمەڵدا وەك؛ چۆنیەتی فێربونی زمانی بێگانە بە باشترین شێوە، چۆنیەتی دیاریکردنی کێشەکانی گوتن...هتد" (Davies and Elder,2004:18).

یەکێك لە بوارەکانی زمانەوانیی کارەکیدا کاری لەسەر دەکرێت زمانەوانیی دەرونییە (Psycholinguistics)، ئەمەش لقێکی گرنگە، لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان زمان و لایەنی دەرونی دەکات. زمانەوانیی دەرونی ئەو چالاکییە ئاوەزییانە دەگرێتەوە، کە پەیوەندییان بە لێکدانەوە و درکپێکردن و تێگەیشتنی زمانەوە هەیە، کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازن، چونکە مێشك بەرپرسە لە بەرزەفتکردنی باری دەرونیی مرۆڤەکان و دەربڕین و ڕەفتارەکان. "شێوازی جۆراوجۆری دەربڕینی دەرونی تاکەکان بەڵگەیە، کە تاکەکان لە درکپێکردن و بیرکردنەوە و تێڕوانین جیان و ئەم جیاوازییەش لە زمان ڕەنگدەداتەوە" (دزەیی، 2014: 15). ....

### ١ . ٢ زمانی جەستە:

زاراوەی زمانی جەستە (لغة الجسد- Body Language)، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئەندامانی جەستەی مرۆڤەوە هەیە، مەبەست لێی بەشداریکردنی ئەندامانی جەستەی مرۆڤە لە ئاخاوتندا، بە هاوکاریی زمانی دەربڕین. زمانی جەستە زمانێکی بێدەنگە، بەڵام زمانی دەربڕین دەنگدارە. لێرەدا گرنگە جیاوازیی نێوان زمانی ئاماژە و زمانی جەستە بخرێتەڕو، چونکە هەندێکجار لە بریی زمانی جەستە زمانی ئاماژە بەکاردەهێنرێت، ئەم دو بابەتە جیاوازن، زمانی ئاماژە تایبەتە بە زمانی خاوەنپێداویستیی تایبەت (نابیست و لاڵەکان، ئەوانەی ناتوانن بە شێوەیەکی دەنگی قسە بکەن)، واتە ئەم زاراوەیە بۆ توێژێکی تایبەتی کۆمەڵ بەکاردێت و هەمو تاکەکانی کۆمەڵ ناتوانن ئەم جۆرە زمانە بەکاربێنن. ئەم زمانە وەك زمانی دەربڕین لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازە، پێویستی بە مامۆستای تایبەت هەیە، زمانێکی پلانبۆدارێژراوە. ئەم زمانە وەك جێگرەوەیەك لە بریی زمانی دەنگی بەکاردێت، بەڵام زمانی جەستە یارمەتیدەرە لەگەڵ زمانی دەربڕین بۆ گەیاندنی واتای ڕاستەقینە، ئەمەش وەك زمانی دایك مرۆڤ لە کۆمەڵگە فێری زمانی جەستەش دەبێت بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی، واتە بەبێ هیچ پلانێك و مامۆستایەکی تایبەت. وشە و دەنگ، دو میکانیزمن، لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بە (گوێ) دەبیسترێن و هەر بەم ئامرازەش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام ڕەفتار و جوڵە جەستەییەکان بە چاو دەبینرێن و لە ڕێگای

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp154-169

چاو و مێشکەوە لێکدانەوە و ئەنجامگیریان بۆ دەکرێت، کۆی گشتی ئەم میکانیزمەش لە نەخشاندن و دروستکردنی کەسایەتی یارمەتیدەر دەبێت و گوزارشتی ناوەکی و دەرەکیی مرۆڤ، کە هەموی بەسەریەکەوە پێی دەگوترێت (پرۆسەی پەیوەندیکردن). زمانی جەستە زیاتر دیارە و بەرجەستەیە، لە ڕوی دەرونییەوە ڕەسەنترە و دەوڵەمەندترە بە دەربڕین. ئەم جۆرە زمانە بە هۆی تایبەتمەندیەکانییەوە بە هێما نازمانییەکان ناودەبرێن، چونکە زمان تێیدا بەشدار نابێت، ئەمەش دەکرێت بە دو جۆر:-

1- هێما نازمانییە دەنگییەکان، کە بە پارازمانییەکان دەناسرێن وەك؛ قیژە، شێوەی دەنگ، خێرایی و ئاواز...هتد.

2- هێما نازمانییە بینراوەکان، هێمای بینراون لە دەنگ بەدەرن، واتە دەنگ لەمجۆرە هێمایانەدا نییە (صالح، 2013:50). ئەم هێمایانە گوزارشت لە دەربڕین و ئاخاوتن دەکەن، بەڵام ئەندامانی ئاخاوتن تێیدا بەشدار نابن. زمانی جەستە و دەربڕینە نازمانییەکان لەکاتی ئاخاوتندا یارمەتیی قسەکەر دەدەن بۆ گەیاندنی واتا و ڕونکردنەوەی مەبەستەکانیان (سەمەد، 2021: 80).

زمانی مرۆڤ تەنها لە چوارچێوەی ئەم بیرکردنەوە و هەڵچونانە بەرجەستە نابێت، کە وشە دەربڕاوەکان بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچونەکان تاکە هۆکار بن ، بەڵکو هۆکاری تریش بۆ گوزارشتکردن لە بیر و هەستی مرۆڤ هەیە، هەمان کاریگەری لەسەر کەسی بەرانبەر دروست دەکات. پەیوەندییەکانی مرۆڤ تەنها لە چوارچێوەی وشە و دەربڕینەکاندا ناوەستێت، بەڵکو سنوری ئەندامی ئاخاوتن تێدەپەڕێنێت بۆ ئەندامی دیکەی جەستە. زمانی دەربڕین لەگەڵ زمانی جەستە ڕێکدەکەون بۆ گوزارشتکردن و گواستنەوەی واتا. "زمانی جەستە بریتییە لە جوڵەیەکی گوزارشتکەر، خاوەن واتایەکی دیاریکراوە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا" (الخولي، 1982: 34) زمانی جەستە سەرجەمی ئەو پەیامە ناوەکییانەی ناخی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی هەستەکانەوە ڕەنگدانەوەی بەسەر ڕوکاری دەرەوەی مرۆڤەکانەوە دەبێت و لە ئەنجامدا جوڵە و بزوتنەوەیەك بەسەر جەستەوە بەجێدەهێڵێت، بۆ نمونە کە یەکێك دەڵێت: نا من ناترسم، بەڵام دەبینین ڕەنگی تێکچووە و شڵەژانی دەرونیی پێوە دیارە و دەنگی ئاسایی نییە (دزەیی، 2015: 105)، لێرەدا زمانی دەنگ و زمانی جەستە پێچەوانەی یەکتر دەوەستنەوە، ئاماژە جەستەییەکە ڕاستیی هەڵوێستەکە دەنوێنێت. زمانی جەستە پەیوەندییەکی نازارەکییە لەگەڵ ئەوەی زۆرجار لەگەڵ زمانی قسەکردندا بەکاردێت، بەڵام گرنگیی ئەم زمانە لەوەدایە، کە سەربەخۆیە لە زمانی گفتوگۆکردن، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، مرۆڤ ڕەفتارە جەستەییەکانی وەك هاوتای ئەو دەربڕینانە بەکارناهێنێت، کە لە ڕێگەی دەربڕینە زمانییەکانەوە دەیڵێت، چونکە هەندێکجار جوڵەی ئەندامەکانی جەستە لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤەکاندا نییە. ئەو گوفتارە زمانیانەی مرۆڤەکان دەریاندەبڕن، لەگەڵ ئەو جوڵە و ئاماژانەی بەسەر جەستەیانەوە دەردەکەون، یەکانگیر نابنەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە زمانی جەستە (درۆکردن) نازانێت و ڕاستەوخۆ وێنای هەست و نەستی مرۆڤەکان دەکات

### ٣.١ زمانی جەستە خۆڕسکە یان لە ڕێگەی فێرکردنەوە وەردەگیرێت؟

زمانی جەستە تێکەڵە لە هەردو لایەنی فێربون و زگماکی، چونکە جۆرێکە لە زمان، مرۆڤ ئەو توانستەی هەیە، وەك زمانی دەربڕین فێری ببێت، بۆیە هەندێک لایەنی زمانی جەستە لە ڕوی بایۆلۆژییەوە ڕەگیان داکوتاوە و لە سەرانسەری کلتورەکاندا گشتگیرن ، هەندێکی دیکەیان بەهۆی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و کلتوریەکانەوە لەقاڵب دراون، بون بە بەشێك لە کلتورەکە. لێرەدا بۆ ئەم مەبەستە دو بۆچون دەخەینەڕو:

1- لایەنە زگماکییەکان یان بایۆلۆژییەکان: هەندێک دەربڕینی ڕوخسار و ئاماژەکانی زمانی جەستە بە گشتگیر دادەنرێن و ئەگەری زۆرە ڕەگ و ڕیشەی بایۆلۆژییان هەبێت، بۆ نمونە، دەربڕینی خۆشی، خەم، توڕەیی، ترس و سەرسوڕمان بە گشتی لە سەرانسەری کلتورەکاندا ناسراون و یەك شێوەیان هەیە، بۆ ئەمەش بنەمایەکی بایۆلۆژی بۆ ئەم نمایشانە دیاری دەکرێن. (ئێکمان، فریزن و سۆرنسۆن) پشتگیرییان لە هەندێک لە بیروباوەڕە ڕەسەنەکانی داروین دەکرد سەبارەت بە ئاماژە زگماکییەکان، کاتێک لێکۆڵینەوەیان لە دەربڕینی ڕوخساری چەند کەسانێك، لە پێنج کلتوری بەرفراوانی جیاوازدا کردووە، ئەوەیان دۆزییەوە هەمو کلتورەکان هەمان ئاماژە بنەڕەتییەکانی دەموچاویان بەکارهێنا بۆ نیشاندانی هەستەکانیان(Allan and Barbara,2004: 17) .

2 -لایەنی فێربونی کلتوری: شێوە جیاوازەکانی کلتور و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر چۆنیەتیی دەربڕینی زمانی نازارەکیی تاکەکان هەیە. ئاماژە و دۆخی جەستە و دەربڕینی ڕوخسار، دەتوانن مانای جیاواز لە کلتورە جیاوازەکاندا هەڵبگرن. لاساییکردنەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی فێربون بەتایبەتی لە تەمەنی منداڵیدا. هەمیشە منداڵەکان هەوڵی لاساییکردنەوەی گەورەکان دەدەن، بۆ فێربونی زمانی دەربڕین و زمانی جەستە، تەنانەت لە هەندێك کاتدا، ئاماژە جەستەییەکان ئەوەندە بە خێرایی وەردەگرێت، لەگەڵ دەربڕینە زمانییەکەدا ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە نەستی منداڵەکە دەبێت، هەرکاتێك بیەوێت ئەو دەربڕینە زمانییە دەرببڕێت هەمان ئاماژەی جەستەیی لەگەڵ بەکاردەهێنێت، بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەك.

زمانەوان و شارەزاکانی زمانی جەستە (ئێکمان فریزن، سورنسون، ایبزفلت) توێژینەوەیان لەسەر کەسانی (نابینا و نابیست) کردووە، ئەوەیان دەرخستووە، کە ئەو کەسانە ناتوانن لە ڕێگەی هەردو ئامرازی (بیستن و بینینەوە) فێری ئەم ئاماژە نازارەکیانە بن، بۆیە بەبێ ئەوەی توانای بینین و بیستنیان هەبێت لە کاتی بێزاری و دڵخۆشی و توڕەیی ...هتد کاردانەوەی جەستەییان دەبێت، هەر بۆیە زانای ئەڵمانی (ایبزفلت) پەیپەوە بردووە، کە ئاماژەی گریان و زەردەخەنەی منداڵانی (نابیست و نابینا)، لە ڕێگەی فێربون و لاسایی کردنەوە فێرنەبون (الن پیز، 2014: 11)، بەڵکو ئەم ئاماژەیە بەشێکە لە سروشتی مرۆڤبونی خۆیان. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە توێژینەوەکان دەریانخستووە، هەندێك لە ئاماژەکانی جەستە لە گشت گروپەکاندا وەك یەکن، بۆنمونە (منداڵان) دوای ماوەیەك لە لەدایکبونیان توانای (مژین)یان دەبێت، ئەم کارە لە منداڵاندا، کلتور و فێرکردن دیاری ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکی خواکرد و سروشتی تێیاندا دروست دەبێت، یاخود ئاماژەکانی (بێزاری، دڵخۆشی، سەرسامبون، ترسان ، توڕەبون ... هتد) ئاماژەی گشتین و بە سروشتی بەسەر جەستەی مرۆڤەکانەوە دەردەکەون. بەم چەشنە زۆرینەی ئاماژەکانی جەستە لە بنەڕەتدا دەچنەوە سەر یەك سەرچاوە، بۆیە کاتێك خەڵك دڵتەنگ دەبن، بێزار دەردەکەون، کاتێك دڵخۆشن، پێدەکەنن، هەمو ئەمانە بونەتە ئاماژەی سروشتی لە هەمو جیهاندا بە یەك شێوە دەردەکەون، بۆیە زۆرێك ناویان لێناون (ئاماژە جیهانییەکان) (الن پیز، 2014: 13).

فێربونی زمانی جەستە لە سەرەتای لەدایکبونەوە دەستپێدەکات، بەو پێیەی تاکەکان چاودێریی ڕەفتارە نازارەکییەکانی دەوروبەریان دەکەن و لاساییان دەکەنەوە. ئەم پرۆسەی فێربونە بە درێژایی ژیان بەردەوامە و لە ژێر کاریگەریی خێزان و هاوتەمەن و پەروەردە و ژینگەی کلتوریی فراوانتردایە. بە گشتی کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی لە فێرکردنی زمانی جەستەدا دەبینێت، چونکە "زمان و کۆمەڵ کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر یەکتریەوە هەیە، بە جۆرێك بەشێك لە زمانەوانەکان پێیانوایە یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی زمان بریتییە لە هۆکاری کۆمەڵایەتی" (سەمەد، 2021: 61)، بۆیە بەشێك لە بەرپرسیاریەتیی فێربونی زمانی جەستە دەکەوێتە ئەستۆی خێزان و کۆمەڵ.

### ٤.١ زمانی جەستە و کلتور

زمانی جەستە لایەنێکی گرنگی پەیوەندیکردن و لێکدانەوەکانە، دەتوانێت لە سەرانسەری کلتورە جیاوازەکاندا جیاوازییەکی بەرچاو بنوێنن. پەیوەندیی نێوان زمانی جەستە و کلتور ئاڵۆزە، بەو پێیەی بەها کلتورییەکان کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی دەربڕینی ئاخاوتنی تاکەکان بە شێوەیەکی نازارەکی هەیە. پەیوەندیی نازارەکی، بە شێوەیەکی هەرەمەکی نییە، ئامانجێکی هەیە و یاسای هاوبەش بۆ ڕێنماییکردن و گوزارشتکردن هەیە. فێربونی یاسا هاوبەش و جیاوازەکانی زمانی جەستە لە کلتورە جیاوازەکاندا زۆر بەسودە بۆ تێگەیشتن، وەک ویلیام شکسپیر دەڵێت: "بەچاوەکانی دەدوێت". (REN Zhi-peng,2014: 1029). لێکدانەوەی زمانی جەستە پێویستی بە ڕەچاوکردنی چوارچێوەی گشتی و ئاگاداربون لە جیاوازییە کلتورییەکان هەیە. سەرەڕای ئەوەش، گۆڕانکارییە تاکە کەسییەکان کاریگەرییان هەیە و هەمو ئاماژەکان واتای گشتگیریان نییە. واتای ئاماژە و دۆخی جەستە دەتوانێت لە نێوان کلتورەکاندا جیاواز بێت. لە پەیوەندیی نێوان کلتورەکاندا، واتای زمانی جەستە زۆر جیاوازە، تەنانەت هەمان زمانی جەستەش لە پاشخانی کلتوریی جیاوازدا، واتا و ئەرکی جۆراوجۆری هەیە. بەکارهێنانی زمانی جەستە بە هەڵە، دەبێتە هۆی لێکتێنەگەیشتن و هەڵە تێگەیشتن و ململانێ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆیە گرنگە جیاوازیی زمانی جەستە لە وڵات و کلتورە جیاوازەکاندا بزانرێت؛ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست بەکاربهێنرێت. بۆ ئەم مەبەستە (علی توکلی) دەڵێت: ((لە ئەمریکا ئەگەر جوڵەی دەست بە جۆرێك بێت، کە ناولەپی دەست ڕوو لە خوارەوە بێت، واتای دووربوون و خواحافیزی دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر جوڵەی دەست بە جۆرێك بێت، کە ناولەپی دەست ڕوو لەسەرەوە بێت، واتای ئەوەیە، کە کەسوکو بانگ بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشێك لە ئیتاڵیا ئەم ئاماژانە واتاکانیان پێچەوانە ئەمەیە))( ئەحمەد، 2008: 52).

دەکرێت لە وڵاتێکدا ئاماژەیەکی جەستە واتایەکی ئەرێنی هەبێت، بەڵام لە وڵاتێکی تر هەمان ئاماژە واتایەکی پێچەوانەی هەبێت. لە کلتوری کوردیدا جوڵەی سەر بەرەو سەرەوە و خوارەوە ئاماژەیە بۆ گوێگرتن و ڕازیبون، بەڵام لای هیندییەکان جوڵەی سەر بەلای ڕاست و چەپدا ئاماژەی گوێگرتن و ڕازیبون دەگەیەنێت. چاوداگرتن لە کلتوری کوردیدا واتای ناشیرینی گەیاندووە، بە پێچەوانەوە لە کلتورەکانی تردا بە واتای سڵاوکردن هاتووە (مینە، 2004: 31). چۆن مرۆڤەکان لە پێکهاتەی نەتەوەییان جیاوازن و کلتور و زمان و دابونەریتیان جیاوازە، بە هەمانشێوە بەشێك لە زمانی جەستەشیان جیاوازە. لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانێکدا، کە پاشخانی کلتوریی جۆراوجۆریان هەیە، هاندەری ڕێزگرتنی یەکترن. بۆ تێگەیشتن و زانینی دیدگا جیاوازەکان، پێویستە پەرە بە خودئاگایی کلتوری بدەین بە ناسینی کاریگەرییەکان لەسەر ناسنامەی کلتوریمان. یەکێک لە گرنگترین شتەکان، کە دەبێت درکی پێبکەین ئەوەیە، دەبێت بە ڕون و سادەیی گفتوگۆ بکەین، بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن فەراهەم بکەین لە ڕوانگەی پەیوەندییە گشتییەکانەوە.

ئاماژەکان و جوڵەی جەستە، وەک دەربڕینی گەشاوەیی ڕوخسار و پاراستنی زەردەخەنەیەکی هەمیشەیی، بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی پەیوەندیکردن دادەنرێن، چونکە جێگەی وشەی دەربڕاو دەگرێتەوە. دەربڕینەکانی ڕوخسار لایەنێکی دیکەی گرنگی زمانی جەستەن، کە لە تێگەیشتن لە سەرانسەری کلتورەکاندا تایبەتمەندیی جیاوازیان هەیە. لە کاتێکدا هەندێک دەربڕینی ڕوخسار، وەک زەردەخەنە بۆ گەیاندنی دڵخۆشی، گشتگیرن، بەڵام چریی دەربڕینی ڕوخسار دەتوانێت جیاوازییەکی بەرچاوی هەبێت لە گەیاندنی واتادا، بۆ نمونە، زەردەخەنەی ڕاستەقینە لە کلتورەکانی ڕۆژئاوادا زۆرجار بریتییە لە نیشاندانی ددان، لەکاتێکدا لە هەندێک کلتوری ئاسیادا، زەردەخەنەیەکی بەئەدەب بێت و دەرکەوتنی ددانەکانی تێدا نەبێت. هەندێك هێمای زمانی جەستە زگماکن و مرۆڤ لە دەوروبەر و کەسانی تر وەرینەگرتون، بۆ سەلماندنی ئەمەش توێژەرەکان دەڵێن: ئەو هێمایانە لای کەسانی کەرولاڵ و نابیناش بە هەمانشێوە دوپات دەکرێنەوە، لە کاتێکدا ئەوان توانای لاساییکردنەوەیان نییە (مینە، 2004: 31)، وەك گریان و پێکەنین و سەرلەقاندن و زماندەرهێنان.

### ٥.١ ڕەنگدانەوەی زمانی جەستە لەسەر کەسایەتی:

مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا کۆمەڵێك هێما و ئاماژە لەسەر ڕوخساریدا دەردەکەوێت، ئەم بارودۆخانە کاریگەریی لەسەر کەسایەتیی قسەکەرەکە دەبێت، بە هەردو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی.

گرنگیی زمانی جەستە لە پەیوەندیکردندا لەوەدا دەبینرێت، کاریگەریی لەسەر بۆچونی کەسانی دیکەی دەوروبەردا هەبێت. "زمانی ڕوخسار، بۆ فێرکردن و چۆنیەتیی ڕەفتارکردن، بە تایبەتی لەگەڵ ئەو کەسانەی بۆمان گرنگن، لە هەڵسوکەوتە دیاریکراوەکانی ژیانی ڕۆژانەدا، سودبەخشە" (ڕۆبەرت ئێل، 2007: 13). زمانی جەستە لەگەڵ دەربڕاوە زمانییەکان، دەرخەری ڕوی ڕاستەقینەی کەسایەتی و ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی مرۆڤن. "ئاوازی دەنگ و بەکارهێنانی وشە و ڕێکخستنی ڕستە و هەڵسوکەوتە جەستەییەکان تایبەتمەندی کەسایەتی مرۆڤ دەردەخەن" (دزەیی، 2015: 116-117). مرۆڤ دەربارەی هەست و سۆز و هەڵوێست و کەسایەتی، پەیام دەنێرێت. بارودۆخە بەهێزەکانی وەک تاوانباری، شەرم، شەرمەزاری، توڕەیی، بێزاری، کاردانەوەی فیسیۆلۆژیی بەهێزیان هەیە. هەستەکان دزە دەکەن، چونکە کاردانەوەکانی سیستەمی ناوەندیی دەمار دەبنە هۆی سوربونەوە، ئارەقکردنەوە، فراوانبونی چاو، گۆڕانکاری لە هەناسەدان و... هتد.

زمانی جەستە، باری سۆزداری و ئاستی متمانەی تاک نیشان دەدات. کەسێک دۆخی ئاڕاستەی چاوی ڕاستەوخۆ بە ئاسۆیی دەڕوانێت و ئاماژەی ئامانجدارانەی هەبێت، ڕەنگە وەک کەسێکی متمانە بەخۆبو و دڵنیاتر لە خۆی هەستی پێبکرێت، بە پێچەوانەوە کەسێک، کە شانەکانی کەوتۆتە خوارەوە و نیگاکانی دورخراوەتەوە، ڕەنگە وەک کەسێکی کەمتر متمانەبەخۆبو سەیر بکرێت. کراوەیی و نزیکبونەوە، جۆرێکی تری کەسایەتییە، کە زمانی جەستە بە هاوکاریی زمانی دەنگی دەتوانێت بیخاتەڕو. ئەو کەسانەی دۆخی کراوە و ئارامی دەپارێزن و ڕوخساریان گەشاوەیە و ئاماژەی دەستی کراوەیان هەیە، زۆرجار وەک پێشوازیکار و دۆستانەتر هەستیان پێدەکرێت، بە پێچەوانەوە، تێکئاڵانی قۆڵەکان، دۆخی داخراو، خۆپاراستن لە فراوانبونی پەیوەندییەکان نیشاندەدات.

زمانی جەستە ئاماژەی بەنرخ سەبارەت بە کەسایەتیی کەسێک نیشان دەدات، بەڵام زۆر گرنگە ئەم ئاماژانە بە هاوبەشی لەگەڵ هۆکارەکانی تردا لێکبدرێنەوە، وەک پەیوەندیی زارەکی، باری دەرونی، چوارچێوە و جیاوازیی تاکەکەسی و تەمەن و ئاستی رۆشـــنبیری. هەمو مرۆڤێک بە کەســـایەتییەکی دیاریکراو جیا دەکرێتەوە، کە هەمو تایبەتمەندییەکانی تاک لەخۆدەگرێت و وای لێدەکات، جیاواز بێت لەوانی تر.

## ٦.١ زمانی جەستە بەپێی ڕەگەز

هەردو ڕەگەزی نێر و مێ، توانای بەکارهێنانی زمانی جەســـتەیان لە پاڵ دەربڕینە زمانییەکاندا هەیە، بەڵام سەرجەم توێژینەوەکان سەلماندویانە، ڕەگەزی مێ پەیبردن و توانای زیاتریان بۆ خوێندنەوە و بەکارهێنانی زمانی جەســـتە هەیە، بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر. ڕەگەزی مێ توانایەکی خۆرسکیان بۆ وێنەگرتن و کردنەوەی نیشانە و ئاماژە نەوتراوەکانی ئەوانی تر هەیە، ســـەرباری ئەوەی خاوەنی نیگا و تێڕوانینێکی وردن، کە بە ئاسانی لە وردەکارییە بچوکەکان تێدەگەن، ئەمە بەدەر لەوەی زۆر زیاتر لە ڕەگەزی نێر بەوردەترن لە پیشاندان و نمایشکردنی ڕەفتار و جوڵە و دەرکەوتەکانی جەســـتەیان بۆ بەرانبەر. ڕەگەزی مێ، ئاســـانتر لە ڕەگەزی نێر دەتوانن بەرانبەر ڕازیبکەن، هونەرەکانی دەرکەوتن و ســـۆز و نازەکانیان ئەم توانا بەرزەی پێداون، چونکە ئافرەتان زۆر ورد و هەستیارن لە شـێوازی دەرکەوتن و جوڵە و ڕۆیشـتن و ڕەفتاریاندا بەراورد بە پیاوان، کە زیاتر گفتوگۆ و قســـەکردن بەهەند وەردەگرن، نەك دەرکەوتە و جوڵە و ئاماژەکان. ژنان تەنها لە ڕوخساریاندا دەیان جوڵەی چاو و برۆ و دەم و لێو و جوڵەی تایبەتیان هەیە، کە لە پیاواندا کەمتر بەدیدەکرێن.

زانایانی دەرونناســـی زانکۆی هارڤارد لە تاقیکردنەوەیەکدا کۆمەڵێك ژن و پیاویان کۆکردەوە و کورتە فلیمێکی بێدەنگیان نیشـــاندان، کە فلمەکە تەواو بو، یەکبەیەك ئامادەبوانیان تاقیکردەوە، تا بزانن چەند کەس بە هۆی جوڵە و نیشـانەکانەوە لە فلیمەکە تێگەیشـتون، لە ئەنجامدا دەرکەوت، ژنان بە ڕێژەی 87% لە چیرۆکەکە گەیشـتبون و پیاوانیش تەنها 42% لە چیرۆکەکە گەیشـتبون (مینە، 2007: 40 ). ئەم توانسـتە تایبەتەی ئافرەتانیش، بۆ ئەو ڕۆڵە مەزنە کۆمەڵایەتییە دەگەڕێتەوە، کە لە کۆمەڵدا دەیگێڕن، ئەمەش وەك هاندەرێك دەبێت بۆ ئەوەی ئافرەت هەستیاربێت بە کاردانەوە و کارلێکی کەســـانی تر، ئەم هەســـتە لە دایکاندا بەشـــێوەیەکی ڕون دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی ئەوان لە پەیوەندیکردنیان بە منداڵەکانیانەوە پشـــت بە کەناڵە نازارەکییەکان دەبەسـتن، بەبێ ئەوەی منداڵەکانیان بە دەربڕینی زارەکی هەسـتی برســـێتی و بێزاریی خۆیان دەربڕن، لێیان تێدەگەن و زو بە هانایانەوە دەچن. ئەم لێزانی و وردبینییەی ئافرەتان وایکردووە لە لێکدانەوەی زمانی جەســـتە لە کاتی ئاخاوتندا شـارەزابن، چونکە دەربڕینە زمانی و جەستەییەکان هاوتا و هاوسـەنگ نین لەگەڵ یەکتریدا، ژنان هەر زو ئەم ناهاوسەنگییە هەستپێدەکەن و ئاماژەکانی ڕوخسار و جەستە دەکەن بە ئاخاوتنی باوەڕپێکراو، بەڵام ئەگەر بیانەوێت لەم کاتەشدا هەوڵی زۆر دەدەن هاوســەنگیی زمانی جەســتە و زمانی زارەکییان ڕێکبخەن و هاوشــێوەی پیاوان نەشڵەژێن، خۆ ئەگەر ناهاوسەنگییەکیش هەبێت، ئەوا پیاوان ڕەنگە هەستی پێ نەکەن، چونکە پیاوان زیاتر دەربڕینی زمانییان بەلاوە گرنگە و لەســـەر ئەو بنەمایەش بڕیار دەدەن نەك ئاماژە و دەرکەوتەکانی جەستە، کە بە لای ئافرەتەوە پێش زمانی ئاخاوتن دەکەون.

جیاوازیی زمانی جەستە لە نێوان نێر و مێدا بە دو شێوازی سەرەتایی دەردەکەوێت؛ جیاوازی لە ڕەفتارەکاندا، یان جیاوازی لە ئامانجی پشـــت ڕەفتارەکانیاندا هەیە. بەشێک لەو جیاوازیانە لە سایەی سروشتدایە؛ واتە پێشوەختە بەرنامەڕێژ کراون لە زگماکەوە بۆ هەر ڕەگەزێک، بەڵام هەندێکی تر لە ڕێگەی ئەزمونەوە فێری دەبن. ڕەگەزی مێ بەگشـتی ئەگەری زیاتریان هەیە، کە ڕەفتاری پەروەردەکردن و سۆز و خۆشەویستی و جوڵەی نەرمتر نیشان بدەن و سەرنجیان لەسەر وردەکارییەکان بێت، بەڵام ڕەگەزی نێر لە بەرامبەردا ڕەفتاری دەسەڵاتدار و باڵادەستی و هێز نیشاندەدەن. ئێســـتا ئەم مەیلە گشـــتییانە زۆر زیاتر لە جاران گۆڕانکارییان بەســـەردا دێت. ئەم جیاوازییانە یاســـایەکی توندوتۆڵ نین و دەتوانن لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر یان لە کلتورێکەوە بۆ کلتورێکی تر جیاواز بن، وەك زمانی چاو. خانمان توانای زیاتریان هەیە بۆ دەربڕینی هەســـتەکان لە ڕێگەی جوڵەی چاوەوە. پیاوان زیاتر ئارەزوی دەســـت لێدانیان هەیە بۆ پەیوەندیکردنی زیاتر، لەکاتێکدا خانمان زیاتر هەســـتیارن لە بەکارهێنانی دەســـت لێدان. خانمان ئارەزویان لە جوڵەی نەرمتر و ڕەســـەنترە، بۆ ڕەنگدانەوەی مێینەیی خۆیان.

## بەشی دووەم

### ١.٢ شیکردنەوەی زمانی جەستە:

تێگەیشتن لە زمانی جەستە بریتییە لە لێکدانەوەی ئەو هێما نازارەکیانەی مرۆڤەکان لە ڕێگەی جوڵەی جەســـتەیی و ئاماژە و دەربڕین و دۆخی جەســـتەییەوە دەیخەنەڕو. لایەنێکی گرنگی پەیوەندیکردنە بەو پێیەی دەتوانێت تێڕوانینێک بۆ بیرکردنەوە و هەســـت و مەبەســـتەکانی کەسێک نیشان بدات. هەندێک نمونەی باوی زمانی جەستە بریتین لە بەرکەوتنی چاو، ئاماژەی دەست، دۆخی جەستە و جوڵەی جەستە. بە گرنگیـدان بەم هێما نازارەکیـانـە و تێکەڵکردنیـان لەگەڵ هێما زارەکییەکان، دەتوانرێت تێگەیشـــتنی باشـــتر و لێکدانەوەی وردتر بکرێت، بۆ زانینی مەبەســـتەکانی مرۆڤ، کە هەوڵی گەیاندنی چی دەدات؟ دەتوانرێت جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان نوســـەر و خوێنەردا دروســـت بکات، ئەگەر ئەو دووانە هاوبەشی هەمان پاشخانی کلتوری نەبن. پێویستە خوێنەر کۆدی زمانی جەستە-تایبەت بە کلتور- بزانێت بۆ لێکدانەوەی واتایەکی دروست. (Korte, 1997: 13)ڕەچاوکردنی کلتوری و دەوروبەری دەق، لە کاتی لێکدانەوەی زمانی جەستەدا، گرنگە.

شـــاعیران دەتوانن زمانی جەســـتە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی خوێنەرەکانیان باشـــتر لە بارودۆخی هەستی کارەکتەرەکانی ناو شیعرەکە و زمانی جەستە تێبگەن، بۆ ئەوەی وەک ڕێگەیەک بۆ دروستکردنی ئەزمونێکی هەستیار و کاریگەریی ناوەکی بۆ خوێنەر بەکاربهێنرێن. "بە ناســـینەوە و ڕێزگرتن لە جیاوازییە کلتورییەکان لە ئاماژەکانی زمانی جەســـتەدا، دەتوانرێـت تواناکانی پەیوەنـدیی نێوان کلتورەکان بەرز بکرێتەوە، و پەیوەندیی ئەرێنی لە شـــوێنە کلتورییە جۆراوجۆرەکاندا دروســـتبکرێت. بۆ ئەوەی بتوانرێـت وشـــە نوسراوەکان لەلایەن چاوەکانەوە هەڵبژێرین و لەلایەن ئـاوەزەوە لێکبدرێنەوە" (Portch, 1985: 4). لە ئەدەبدا وێنەکێشـــانی زمانی جەســـتە وەک پەنجەرەیەک بۆ جیهانی ناوەوەی کەسـایەتی خزمەت دەکات. ئەمە ڕێگە بە خوێنەران دەدات هەســـت بەو هەســـتانە بکەن، کە لەوانەیە یان ناکۆک بن لەگەڵ دەربڕینە زارەکییەکاندا.

### ٢.٢ زمانی جەستە لە ئەدەبدا:

زمانی جەستە لە ئەدەبدا، ڕەنگدانەوەی وێنای هونەریی جوڵاوە، زیندوێتی بە بونیادی دەقەکە دەبەخشێت، لەسەر بنەمای لێهاتوییی سیما نازارەکییەکان و پەیڕەویکردنی چەمکەکانیان دەقی ئەدەبی بونیاددەنرێت. شارەزایی لەشێوە و ئەرکەکانی زمانی جەستە لە ئەدەبدا لە نەریت و پاشخانێکی کلتوریی دیاریکراوەوە گەشە دەکات و ملکەچی گۆڕانکاریی مێژویی دەبێت. لەلایەن نوسەرانەوە بۆ گەیاندنی هەست و مەبەست و کارلێکەکانی کارەکتەرەکان بەکاردەهێنرێت بەبێ ئەوەی بەڕونی باسیان بکرێت، بەتایبەتی لە دەقی گێڕانەوەدا. (( دروستەی گێڕانەوەی بینراو، زۆر لە دروستەی گێڕانەوەی زمانی گوتراو/ نوسراو ئاسانترە هەم بۆ شیکردنەوەی هەم بۆ توانستی هەڵێنجانی ڕاستییەکان و بۆ خستنەڕوی ڕاستییەکان بە شێوەیەکی زیاتر ڕاستگۆیانە)) (قادر، 2016: 73). زمانی جەستە هاوکاری گێڕەرەوەیە بۆ ئەوەی دیدگایەک سەبارەت بە خودی کەسایەتیی ناوەوەی کارەکتەرەکە بە خوێنەر بدات. نوسەران دەتوانن لە ڕێگەی پەسنکردنی ئاماژە و دۆخی جەستە و دەربڕینی ڕوخسار و جوڵەی جەستەییەوە، قووڵی بۆ کارەکتەر و دیمەنەکان زیاد بکەن، ئەمەش ڕێگە بە خوێنەران دەدات پاڵنەرە بنەڕەتییەکان دەربخەن، لەم خاڵەدا لە شیکاری ڕەخنەی دەرونی نزیکدەبێتەوە.

نوسەر لە نوسینی دەقی ئەدەبیدا ئازادترە بە هۆی زمانی جەستەوە، بۆ ئەوەی وێنە خەیاڵییەکان تێکەڵ بە بارودۆخی ڕاستەقینەی کارەکەی بکات، چونکە بونیادی هەر دەقێکی ئەدەبی لە بۆشاییەکی فراوانی هزری نوسەر لەدایکدەبێت، وێنەیەکی هونەریی جوڵاو پێشکەش دەکات، کە لەوانەیە نەتوانێت بە هۆی دەربڕینە زارەکییەکان ئەو وێنە هونەرییە دروست بکات، بەتایبەتی هەندێك لە نەریت و کلتورەکان سنورێکیان بۆ دەربڕینە زمانییەکان دارشتووە، لەکاتی دۆخی کارلێکەکاندا دوچاری تێگەیشتنی نەرێنی دەبنەوە، بە تایبەتی لە بابەتی ئەدەبی (دڵداری و سیاسی)دا. (باربارا کۆرتێ) لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی سەبارەت بە زمانی جەستە لە ئەدەبدا ئەنجامداوە، لەم بەرهەمەیدا تیۆرێکی گشتیی دامەزراند، هەمو جۆرەکانی زمانی جەستە و ئەرکەکانی لەخۆگرتووە. کۆرتێ، گرنگیی بە زمانی جەستە داوە لە بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەدەبدا، لەوانەش چیرۆکەکانی (دی.هـ.لۆرێنس، مارگرێت ئاتود و ج.دی.سالینگەر)، ئاماژە بە گرنگیی زمانی جەستە دەکات، کە شێوازێکی گرنگە بۆ پەیوەندیکردن لە ئەدەبدا، پێیوایە "زمانی جەستە لە ئەدەبدا تەنها ئاماژەیەك نییە بۆ کارلێکی کارەکتەرەکان، بەڵکو چەند زانیارییەك سەبارەت بە چۆنیەتیی کارلێکەکە و پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی ڕەگەز و جیهانی دەوروبەر دەخاتەڕو" (Korte, 1997: 27).

ئەو ڕێبازەی نوسەر یان شاعیر، لە نمایشکردنی زمانی جەستەی کارەکتەر لە بەرهەمەکەیدا پەیڕەوی دەکات، بەپێی دەوروبەر و بارودۆخەکە کاریگەریی جیاوازی هەیە، بۆیە لە نێوان جۆری ژانرە ئەدەبییەکاندا لە ڕوی واتاوە جیاوازیان هەیە. وەسفکردنی زمانی جەستە لە سیستەمی ڕەفتاری کارەکتەرە خەیاڵییەکاندا پێکهاتەیەکی تەواو نیشانەیی هەیە، ئەگەری ئەوە هەیە، ئەم ڕەفتارە بە ئاگاییەوە لە بەشێکی چیرۆکەکەدا بێت یان بە نائاگایی خۆی دەربخات، ئەمەش بەو واتایەیە، نوسەر دەتوانێت بە مەبەستێکی پێشوەختە و بۆ گەیاندنی پەیامەکە بەکاری بهێنێت، یان ڕەنگە بەبێ ئامانج بەکاربهێنرێت، بۆ نمونە لە یەکێک لە بەرهەمەکانی جەیمسدا، نزیکەی پەنجا و نۆ لاپەڕەی چیرۆکەکە پەیوەستە بە پەیوەندیی کارەکتەرەکان لەگەڵ یەکتر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە" (Korte, 1997 :84). زمانی جەستە شێوەیەکی بەهێز و ئاڵۆزی هەیە لە وێنا و پەیوەندیکردن لە ئەدەبدا، قووڵی و دەوڵەمەندی بۆ کەسایەتی و دیمەنەکان زیاد دەکات. نوسەرەکان زۆرجار زمانی جەستە بۆ ئاشکراکردنی بیرۆکە شاراوەکان و دروستکردنی ئەزمونێکی خوێندنەوەی قووڵتر بەکاردەهێنن ، جا لە ڕێگەی جوڵەی ورد، دەربڕینەکانی ڕوخسار، یان هەڵوێستەکان، زمانی جەستە دەبێتە گێڕەرەوەیەکی بێدەنگ. هونەری نوسینی دەقی ئەدەبی، بریتییە لە شێوازی بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی کاریگەر و ڕازیکەر. "هەمو جوڵەیەك بە وشە دادەنرێت و هەر دەنگێکیش واتای تایبەتی هەیە، هەر جوڵە و دەنگ و ڕەفتارێکیش لە قووڵاییی ناخی مرۆڤەوە دەردەچێت" (عبدالاحد، حاجی زادە، حیدری،2021 :9)، بۆیە تەنانەت لە هونەری سینەما و شانۆشدا زمانی جەستە بەسەرەکیترین بنەمای سەرکەوتنی بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکان دادەنرێت.

### ٢. ٣ زمانی جەستە لە شیعردا:

زمانی جەستە لە شیعردا، ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە دەربڕینی هەستی نوسەر بە وێنەیەکی هزری و هونەری؛ قووڵییەکی زیاتر بە واتای وشە دەبەخشێت. جوڵەی دەستەکان، نیگای چاوەکان، پەیامەکان ڕونتر دەکەنەوە. "ڕەهەندی نیگای چاوەکانی خۆشەویستی شاعیر، جیهانێکی قووڵی هەستە شاراوەکانە، دەرونی شاعیر بەرپرسیارە لە ئاشکراکردنی ئەم وێنە خەیاڵیانە" (قادرە، 2013: 14). بەهۆی ناوەرۆکێکی سۆزداری لەشیعردا چەندین هێما و ئاماژە بەدیدەکرێت بۆ دەرخستنی هەست و سۆز و باری دەرونیی تاکەکەس، ئەمەش کاریگەرییەکی بەهێز دروستدەکات بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی خوێنەر بۆ جۆری پەسنکردنەکە. پەیوەندییەکی دولایەنە لە نێوان ئەم ئاماژە جەستییانە و هەست و سۆزی شاعیراندا هەیە، هەریەك لە جوڵەکان هەڵگری پەیامێکن لەڕێگەی ئەم کەناڵەوە بۆ خوێنەر دەگوازرێنەوە. لە ئەدەبی هاوچەرخدا، هونەر و نەریتی شیعری بە شێوەیەکی بێدەنگ پەیوەستە بە پێکهاتەی دەسەڵاتی ئەدەبی لای شاعیران، هەندێک ئاماژە پەیوەندییان بە ئەزمونە بینراوەکانی خودی شاعیرەوە هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ئامانجدار لە وێناکردنی ئەزمونێکی نوێدا بەکاردەهێنرێن. واتە زمانی جەستە وەك زمانی دەربڕین بەشداری لە پرۆسەی بەمیتافۆرکردن دەکات بە شێوەیەکی هێما یان خوازەیی بۆ گەیاندنی هەستی قووڵتر لەناو شیعردا. دۆخەکانی زمانی جەستە دەتوانن نوێنەرایەتی چەمکە ئەبستراکتەکان یان بارە دەرونییەکان بکەن بۆ وێناکردنی هونەری جوان، ئەمەش دەبێتە ئەزمونێکی قووڵتر بۆ خوێندنەوەی دەقەکە، لەم کاتەدا زمانی جەستە دەبێتە گێڕەرەوەیەکی بێدەنگ، بەڵام قسەکەرێکی بەتوانا لە جیهانی شیعردا.

تەکنیکەکانی گەیاندنی زمانی جەستە لە شیعردا بریتین لە زمانی بینراو و بەکارهێنانی وێنەسازی و پەسنکردن و میتافۆر و نواندن و ڕیتم و دەنگ...هتد. بە هۆی ئەمەوە شاعیران دەیانەوێت هەستێکی ورد بۆ بیرکردنەوەکانی ناوەوەی کەسێک دروست بکەن. کاتێک زمانی جەستە لەناو شیعرێکدا بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاردەهێنرێت، دەتوانێت وێنەی زیندو و سەرنجڕاکێشی دەرونی لەناو مێشکی خوێنەردا بوروژێنێت و وەڵامێکی سۆزداریی قووڵ بۆ کارەکتەرەکانی ناو شیعرەکە ئاشکرابکات.

لە ئەدەبی کوردیشدا بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی و بەکارهێنانی زمانی جەستە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقی شیعری و بەمیتافۆرکردن بەرجەستەکراوە، ئەم بەکارهێنانە بینراوەی زمان لە کایەی بەرهەمە شیعرییەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شیعری کۆن و نوێدا دەبینرێت. هەروەك لەم شیعرە فۆلکلۆرییەدا بە ڕونی دیارە:

***ماڵیان ئەوبەر ئەوبەرە***
***کێ منی کوشت ئەودولبەرە***
***بەدەم جوێنم پێ دەدا***

**بە چاو پێم دەڵێ وەرە**

لەم دێرە شـــیعرەدا وێنەیەکی هونەریی جوڵاو دەبینرێت، ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی نێوان شـــاعیر و دڵدارەکەی، ئەوەی بەلای شـــاعیرەوە گرنگە دەربڕینی زمانی چاوە، نەك دەربڕینی زمانی ئاخاوتن، چونکە زمانی جەسـتە جێگەی متمانەیە، زیاترجەختی لەسـەر دەکرێت و زمانی دەربڕین پشـــتگوێ دەخرێت، ئەمە تێڕوانینێکە بۆ کەســـایەتی و پاڵنەری دەرونی و پەیوەندییەکانیان.

لە پەیوەندییە ئاخاوتنەکانی ڕۆژانەشـــدا، دەربڕینە زمانی و نازمانییەکان ڕێژەی جیاوازیان لە گەیاندنی واتادا هەیە. (ئەلبێرت میهرابین) لە توێژینەوەیەکدا ئاماژەی بەوە کردووە، لە ئاخاوتنـدا ڕێژەی ٪٥٥ی واتای پەیوەندییە ئاخاوتنەکان لە جوڵەجەســـتەییەکانەوە دەردەبڕدرێن، ٪٣٨ی واتاکان لە ئاوازەی دەربڕینەکان (فۆنیمە ناکەرتییەکان)ەوە دەگەیەنرێن، ئەوەی دەمێنێتەوە، ٪٧ی واتای دەربڕینەکان لە وشە و دەربڕینە زمانییەکانەوە بەدەســـتدێن، ئەمەش کەمترین ڕێژەی واتایە. ( Kar, A., & Kar, A. ,2017:11). هەروەک لە بەشی یەکەمیشدا ئاماژەی پێکرا، کاتێک دەربڕینە زمانی و نازمانییەکان و ئاوازەی دەربڕینەکان، لەســـەر یەک هێڵ نەبن و هەمان واتا نەبەخشن، ئەوا تەنیا ئاماژە و واتاکانی زمانی جەسـتە بە ڕاست وەردەگیرێن و واتای دەربڕینە زمانییەکان بەهەند وەرناگیرێن، چونکە دروســـــت نین، هەروەکو لە دێرە شـیعرەکەی سـەرەوەدا باسـکراوە، بە دەم (دەربڕینی زمانی) شـتێک دەڵێت و بە چاو(زمانی جەســـتە)، شـتێکی تر دەردەبڕێت. ئەمە هاتۆتە ناو ئەدەبەوە و شـــاعیر دەڵێت:

***هیچ شتێک وەک چاو بەڕاستی تەرجومانی دڵ نییە***
***دەم، درۆی لا یە، کە جێگەی باوەڕی عاقڵ نییە*** (مەدهۆش، ١٩٧٦)

چاو، ئەو ڕاستییانە ئاشکرادەکات، کە تاک لە دەربڕینە زمانییەکانیدا دەیانشارێتەوە و نایەوێـت دەریانبڕێـت، یان نەریتە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بەدەربڕینیـان نادەن. (عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٩: ٩٠).

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا چاو وبرۆ ئەندامێکی کارایە بۆ ئاماژە جەسـتەییەکان وەک زمانحاڵی کەسەکە پەیام دەگەیەنێت.

***گوتم ئایا بە زاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟***
***بڕۆی هێنایە یەک، وەک شکڵی (لا) یەعنی کە بێزارم*** (نالی، ١٩٧٦: ٢٧١)

بەبێ هیچ دەربڕینێکی زمانی (دەنگ)، وێنەکی ڕون نیشـــان دەدات، ڕەتکردنەوە و توڕەیی و بێزاریی خۆی بە یەک جوڵەی برۆکانی دەربڕیوە. هەروەهـا لە نمونەیەکی دیکەدا، برۆ وەک بەشێک لە ڕوخسار، هەمان واتا دەگەیەنێت.

***بەجاری بکوژە، خوێنم بڕێژە***
***خەلاسم کە لەدەردی ئینتیزاری***
***بڕۆی تێکنا، بە ڕوودا ئارەقی ڕشت***
***لە ماهی قەوسدا شەبنم دەباری*** (وەفایی، ١٣٨٩: ٣٢٤)

لە شیعری (خۆزگەم بەپار)دا، (گۆران) دەڵێت:

***ڕۆژ نەبوو چاوم بە دیدار***
***شاد نەبێ، نەسرەوێ ئازار***
***ڕۆژ نەبوو یار بەلەنجەو لار***
***چەشنی ئاسکی هەردەی بەهار***
***بەبەردەما نەکا گوزار***
***نەمپێکێ نیو نیگای خومار***

*بڵێن .. هتد* (گۆران، ١٩٨٠: ٢١)

لێرەدا شـــاعیر بەلەبەرچاوگرتنی گرنگی و بەکارهێنانی زمانی جەســـتە لە ڕێگەی چاو وێنەیەکی هونەریی جوڵاوی جوانمان بۆ دەخاتەڕو. ئەوەی بەلای شـــاعیرەوە گرنگە دەربڕینی چاوە، نەك دەربڕینی زمان، واتە زیاترجەختی لەســـەر زمانی چاو کردۆتەوە، بە ڕوانینی یار بۆ شاعیر، ئەمەش پاڵنەری دەرونی و پەیوەندییەکانی شاعیر دەردەخات.

**2- 4- زمانی جەستە لە شیعری کوردیدا:**

زمانی جەستە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا هۆکارێکی گرنگە بۆ نیشاندانی هەستە شـاراوەکانی ناخی شـاعیر، بەڵام مەرج نییە هەمو ئەندامانی جەسـتە بەشـدار بن لە بونیادی دەقی شـیعریدا، هەر ئەندامێکی جەسـتە بە پێی جۆری گوزارشـتەکان لە پەیوەندیکردندا ئاماژەیان پێکراوە، کە لێرەدا ڕۆڵی چەند ئەندامێك دەخەینەڕو لەوانە:

**1- چاو:** چاو یەکێکە لە ئەندامەکانی جەســـتەی مرۆڤ و پێگەیەکی بەرچاوی لە ئەدەبدا، بەتایبەتی لە شـــیعردا هەیە. چالاکترین ئەندامی ڕوخســـار، کە گوزارشـــتی هونەری نیشـات دەدات، چاوە، واتە لە نێوان ئاماژە نازارەکییەکان، نیشـانە بینراوەکان گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕن لە گواسـتنەوەی پەیامەکاندا لەچاو ئەندامە هەسـتیارەکانی تر. چاو جگەلە ئەرکەکەی و جوانی و سـەرنجراکێشـییەکەی، وەک زمانی ئاماژە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، چونکە زۆرجار وەکو تیرێک وایە دڵی دڵبەر دەپێکێت، یا ئەوەی بە دەم ناوترێت، چاو پیشانی دەدات و دەیدرکێنێت. چاو یەکێکە لە کاریگەرترین ئاماژەکانی زمانی جەسـتە، تەنانەت لەکاتی قسـەکردنی دو کەس لە بەرانبەر یەکتریدا سـەیری چاوی یەکتر دەکەن بۆ ڕاسـتی یا ناڕاسـتیی قسـەکانیان. ((چاو تروکاندن بەیەك چاو، یان بەهەردوو چاو بۆ گەیاندنی چەند واتایەك بەکاردیت لەوانـەش: دەربڕینی ڕەزامەنـدی و خۆشی یان داواکاری بۆ ئـەنجـامـدانی کارێـك بەشـــاراوەیی))(ئەحمەد، 2008: 87) هەمو ئەمانەش لە زمانی جەســـتەدا خۆی دەبینێتەوە لە ڕێگەی چاوەوە. بۆیە ئەرکی هەســـتی بینین زۆر ســـەرنجراکێشـــە بە لەبەرچاوگرتنی گرنگییەکەی لە دروسـتکردنی پەیوەندی لە ژیانی ڕۆژانەدا، بە بەراورد لەگەڵ هەســـتە دەرەکییەکانی دیکەدا. ئەوەی لەشـیعری کوردیدا دەبینرێت لە زمانی جەسـتەدا، لە ڕوخسار چاوە؛ نیگاکانی خۆشەویسـتی و توڕەیی و بەزەیی و دودڵی و سەرسامی وهێمنی ...هتد لە چاو و برۆ سەرچاوەدەگرن.

پەشێوی شاعیریش لە شیعرێکدا دەڵێت:

***ئاخ دەترسم ئێوارەیەک***
***بەزریانی نیگای ساردت***
***هەڵوەرێنی گوێکە و چرۆم***
***لەو بەهەشتەم دەربێنی*** (پەشێو ٢، 2008: 179)

لەم کۆپلەیەدا شـــاعیر زمانی جەســـتەی لە ڕێگەی نیگای چاوەوە هەســـت و تێڕوانینەکانی یاری وەرگرتووە، لێرەدا نیگای چاو دەدوێت، ئەرکی زمانی جەســـتە دەبینێت و کۆمـەڵێ پەیامی نەگوتراو بەبێدەنگی دەگەیەنێت، کە کۆمەڵێ واتا لە خۆدەگرێ لەوانە(توڕەبونی یار، ناڕازیبونی یار، ساردوسـڕی یار،.....) شـاعیریش لەڕێگەی ئەم نیگا ســـاردەی چاوەوە تێدەگات، بۆیە ترسی هەیە لەوەی بە زریانی نیگای سـاردی یار گوێکە و جوانییەکانی هەڵوەرێنێت و لەو خۆشـییە بەهشـتییەدا دەریبێنێ، چونکە شاعیر بەرگەی ئەو نیگا ساردانە ناگرێت. لێرەدا لە ڕێگەی ئاماژەی نیگای چاوی یار، کە یەکێکە لە ئاماژەکانی زمانی جەسـتەو هەسـتی بینینە شـاعیر وێنەیەکی هونەری جوانی بنیاتناوە.

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

***چاوەکانت بێدەنگ ئەدوێن***
***نیگا ئەکەن زۆرشت ئەڵێن***
***ئەوەی بە دەم نا یدرکێنی***
***ئەوەی لات بۆتە نهێنی***
***هەرکاتێ سەرنجیان ئەدەم***
***ئاشکرا لێیان تێئەگەم*** (بەرزنجی ٢٠١٨، ٨٦)

لەم هۆنراوەیەدا، زمانی دەنگ بێڕۆڵە، زمانی جەستە کارایە و ئەرک دەبینێت؛ بەم شـــێوەیە: چاو، ڕۆڵی زمـان دەبینێـت و دەدوێـت، بەڵام دەربڕینەکانی نازارەکی و بێدەنگن. "**بێدەنگ ئەدوێن**"، واتە (چاو) تەنیا چاوێکی ئاسایی، بۆ بینین، نییە؛ ڕۆڵی لە بینینەوە بۆ دەربڕین، گۆڕاوە. "**نیگا ئەکەن**"، سـەیرکردنەکانی بینینێکی ئاسـایی نین، ئاماژەبەخشن، "**زۆرشت ئەڵێن**" زانیاری و هەست دەردەبڕن، کە بریتین لەو هەست و ڕازە شاراوانەی بە دەم ناگوترێن و لە ناخدا چەپێنراون، نیازی درکاندن و دەربڕینیان نییە، بێئاگا لەوەی چاوەکانی ئەرکی درکاندنی گشـــت ڕاز و هەســـتەکانی لەئەســـتۆ گرتووە؛ بە سەرنجدانێکی کەسی بەرانبەر، هەمو شتێک ئاشکرا دەبێت.

***چاوەکانت پێیان وتووم***
***ئەگەر تۆم خۆشنەوێت، شێت دەبم.*** (کەژاڵ، ٢٠٢٠: ٢٦)

لێرەدا (چاو)، لەبریی دەم دێتە قسە، هەواڵ و زانیاری دەگەیەنێت. ئەمە شوێنگرتنەوەی زمانی دەنگە بە زمانی جەستە؛ لەبریی ئەوەی بڵێت: خۆت/ تۆ پێت وتم، بە دەمی خۆت وتت، ... دەڵێت: چاوت پێی وتم.
لە هۆنراوەی (ئافرەتێک بەچرپە وتی)دا دەڵێت:

***لە بیلبیلەی چاوی برینێکی کۆنا***
***ئازارێ بە چرپە وتی***
***من ئافرەتم***
***ئەم شەو ژنێ ژان ئەیگرێ***
***بمرێ ئەمرم***
***لە ئاوێنەی نیگا شەکەتبووەکەیدا***
***وێنەی ئەو پیاوە ئەبینم***
***کە لەباوەشی خەودایە و***
***تا بەیانی لەجیاتی ئەو***
***ئێشک ئەگرم! ...*** (کەژاڵ، ١٩٩٩: ٥)

ناونیشانی ئەم هۆنراوەیە، بە دەربڕینی زمانیی (بەچرپە وتی) دەستپێدەکات، بەڵام دەچێتە ناو زمانی جەستە و ئەندامانی ڕوخسار، لە کۆنەبرینێکدا دەچێتە ناو چاو و لەوێشەوە قووڵتر ڕۆدەچێت بۆ ناو بیلبیلەی چاوی کۆنەبرینەکە. قسەکەر لێرەدا ئازارەکەیە و لە نیگای شەکەتی ژنێکەوە بەرجەستەی کردووە، (نیگا) یش جوڵە و سەیرکردنێکی تایبەتی چاوە و چیرۆکی ئازارەکانی ژن دەگێڕێتەوە.

***بە نیگایەک لێم ئەپرسی***
***کوانێ پرچە ڕەنگ ڕەشەکەت***
***کەی هەڵوەری؟***
***منیش زمانی بێدەنگیم زوو پێت ئەڵێ***
***ئێوارەیەک فرۆشتم و***
***کتێبێکم بۆ تۆ کڕی!***
***دەستم بگرە***
***با ون نەبم***
***با ون نەبیت*** (کەژاڵ، ١٩٩٩: ٦)

پرسیارکردن بە نیگا، واتە ڕوانینێکی تایبەت، کە پرسیارەکە بە ڕونی دەگات و کەسی پرســـیارلێکراو بە ڕاشـــکاوی تێیدەگات. ئەمە پەیامێکی بێدەنگە و تەنیا زمانی چاو دەدوێت و پرسیار دەکات، وەڵامیش وەردەگرێتەوە. شاعیر خۆی بەبێدەنگ وەڵامی پرسـیارەکە دەداتەوە (زمانی بێدەنگیم زوو پێت ئەڵێ). دواتر ڕۆڵی ئەندامانی جەسـتە لەم گفتوگۆیەدا دەگۆڕێت و لە نیگا و چاوەوە دەبێت بە دەســـت؛ لێرەوە (دەســـتم بگرە)، بەواتای بەیەکەوەبون، وەفاداری، یەکگرتن، پشتیوانیکردن، یەکتر ڕزگارکردن و مانەوە دێت، تا لەیەکتر دانەبڕێن و ون نەبن.
هەروەها لە هۆنراوەی (گیرفانێکی نزیک لە دڵ)دا، چاوی خۆی وەک زمانی جەستە بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

***چاوی من بەرەو بەرزەخی***
***گشت هەستەکان و شوێنەکان و ساتەکان***
***ڕائەکێشن*** (کەژاڵ، ١٩٩٩: ٧)

چاوی شاعیر، وەک هێزێکی پەنهان و کاریگەر، پەلکێشی یار دەکەن بەرەو گشت بارەدەرونییە جیاوازەکان و شوێنە جۆراوجۆرەکانی ژیان، بە هەردو شێوەی فیزیکی و گیانی، هەروەها بۆ گشت ساتە خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی خەیاڵی و کەتواریی دەبەن. شاعیر (ساڵح بێچار)، لە هۆنراوەیەکیدا بە ناونیشانی (زمانی چاو)، لە کۆی هۆنراوەکەدا زمانی جەستە/ ڕوخسار/ چاو، دەخوێنێتەوە:

***زمانی چاو***

***هۆ.. ئەو شۆخەی بۆجارێکیش ناتەوێ لێو بزوێنی***
***کەچی تەنها بە سەرنجێ، هەموو شتێک دەدرکێنی***
***خونچەی لێوت نەکرایەوە و وشەیەکم لێ نەبیستی***
***بەئاشکراش، لە چاوانتا شەپۆلدەدا خۆشەویستی بێدەنگیی تۆ، ئاگریش بێ من لەئێویا***
***دەمێنمەوە گەرچی لەوەش بێدەنگتر بیت، من چاوانت دەخوێنمەوە***
***پڕ لە واتان چاوانی تۆ، دوو نێرگزی خاکەلێوەن***
***بۆ بەهاری دنیای عیشـقم، دوو مژدانەن وا بەرێوەن چاوت جۆرێك باسی هەسـت و***
***ڕازی دڵتی بۆم کردووە***
***هەتا ئێستا هیچ زمانێک پەی بەو ڕازە نەبردووە!***
***لێوەکانت گەرچی لەوەش بێدەنگترین، هیچ دەرنەبڕن***
***نیگاکانت زمانێکن.. زۆر لە لێوت ڕاستگۆترن*** (بێچار ٢٠١٩، ٢٤٧)

شیعرەکەی ساڵح بێچار
شـــیعرەکە جەخت لەســـەر هێزی پەیوەندیکردنی ئاماژە نازارەکییەکان، بەتایبەتی چاوەکان، دەکاتەوە. لەڕوی زمـانەوانییەوە چاوەکان وەک زمـانێـک دەدوێن، توانای دەربڕینی هەســـت و قووڵی ســـۆزی و خۆشـــەویســـتی، ڕەزامەندی، ڕاســـتی، ڕاستەوخۆتر لەتوانای وشـەکانیان، هەیە. جەختکردنەوە لە بێدەنگی و نەبونی دەربڕینی زارەکی و جیاوازیی نێوان لێو و چاو، گشـت تواناکانی دەربڕین، بۆ پەیوەندیکردن، بە چاو دەبەخشـــێت، چونکە لێوەکان ناتوانن هەســـتە قووڵەکان بگەیەنن، لە کاتێکدا چاوەکان، وەک شیعرەکە باسی دەکات، زمانێکی ڕاستگۆتر و واتادارترن.
لێکدانەوەی ئاماژە جەستەییەکان:
**نەبزواندنی لێو**، یەکـەم ئـاماژەی جەســـتەیییە، باس لە بێدەنگی دەکات. کردەی قســـەنەکردن، ئـاماژەیەکی نازارەکییە، پەیامی لێکـدانەوەی بێدەنگی یان خۆڕاگری دەگەیەنێت. **(بە ســـەرنجێ)** ئاماژەیەکی چاوە، شـــێوەیەکی بینینە و هەڵگری ســـیمای

لێوردبونەوەیە، پەیامێکی قووڵ دەگەیەنێت. **(خونچەی لێو)**، وێنەیەکی شیعرییە بۆ لێو، کە نەکراوەتەوە، دیسان مەبەستی بێدەنگییە؛ واتە لێو وەک هێمای بێدەنگی بەکارهاتووە. ڕستەی **"لە چاوانتا شەپۆلەدا خۆشەویستی"**، گرنگترین ئاماژەی جەستەیییە لەم شیعرەدا. چاو وەک ئەندامێکی گرنگی جەستە بەکارهاتووە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز. واتە پەیوەندیی زارەکیی بەرزەفتکردووە و هەوڵدەدات پەیامەکەی لە ڕێگەی کردارەوە بگەیەنێت، نەک وشە. ئەم شیعرە پەیوەندییەکی جوانی لە نێوان بێدەنگیی لێو و دەربڕینی چاودا دروستکردووە. واتە کەسەکە بە زمان و قسە هیچ ناڵێت، بەڵام چاوەکانی هەمو هەستەکانی ئاشکرا دەکەن.

بێدەنگی و ئاگر: ئەم یەکخستنە دو ئاماژەی سەرەکیی نازارەکی دەناسێنێت. بێدەنگی، یان خۆگرتن، زۆرجار بڕیارێکی هۆشیارانەیە بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیی زارەکی، لەکاتێکدا ئاگر هێمای چڕیی سۆز، یان گەرمیی سۆزدارییە. لە ڕوی زمانەوانییەوە، دەستەواژەکە ئەوە دەگەیەنێت، کە قسەکەر لە دۆخێکی سۆزداریدا نوقم بووە.

**"لە نێویدا دەمێنمەوە"**: شانبەشانی سۆزە نەوتراوەکە(ئاگر)، گرنگیی بێدەنگییەکە دەخاتەڕو، ئەمەش ئاماژەی مانەوەیە لەناو ئەم حاڵەتە سۆزدارییەدا. ئەم ئاماژە نازارەکیانە فەزای گواستنەوەی واتا دروستدەکەن.

**"گەرچی لەوەش بێدەنگتر بیت، من چاوانت دەخوێنمەوە"**: **"بێدەنگتر"**، ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ کەمبونەوەی کارلێکی زارەکی، جەختدەکاتەوە کە تێگەیشتن لە هەستی بەرامبەر، پێویستی بە وشە نییە، چونکە شاعیر لەگەڵ وردەکاریی ئاماژە نازارەکییەکان هاوئاهەنگە، بە تایبەتی لە ڕێگەی چاوەکانەوە. **"چاوانت دەخوێنمەوە"**، کردەی خوێندنەوەی چاو، لێکدانەوەی کۆدە وردەکانی زمانی بینراوە. لێرەدا "خوێندنەوە" هاوتای چەمکی نیشانەناسییە؛ کە نیشانەیەک(چاو) بۆ ئاشکراکردنی واتای قووڵتر کۆددەکرێتەوە، وەک هەست یان مەبەست، کە بە زارەکی دەرنەبڕدراون.

"**پڕ لە واتان چاوانی تۆ، دوو نێرگزی خاکەلێوەن**" چاوەکان هەڵگری واتان، کەناڵێکی سەرەکین بۆ گەیاندنی باری سۆزداریی کەسی بەرانبەر. ئاماژە جەستەییەکانی (جوڵەی چاو و نیگا)، هەست و بیرکردنەوەکان بەهێزتر لە وشەکان نیشاندەدەن. "**دوو نێرگز**": میتافۆری نێرگز هێزێکی واتایی لە وێنەی زیندوو بۆ چاوەکان زیاد دەکات، بە گوڵکردن و پڕلەژیان وەسفیان دەکات و سۆزێکی جوان و پاک و گەرم نمایشدەکات. لەم چوارچێوەیەدا "چاوەکان" تەنیا پەیوەندیکەری ناچالاك نین؛ ئەوان زیندون، ئاماژەن بۆ هەست و سۆزی قووڵ و ئەرێنی، وەک هاتنی بەهار یان پێشبینیکردنی هەواڵی خۆش، "**بۆ بەهاری دنیای عیشقم، دوو مژدانەن وا بەڕێوەن**". لێرەدا میتافۆری چاو، بۆ بەهاری خۆشەویستی و نوێبوونەوە دەگۆڕێت؛ هیوا، یان وەرزێکی نوێ لە جیهانی سۆزداریی قسەکەردا دەهێنێت. لەڕوی زمانەوانییەوە ئەمە نمونەیە، کە زمانی جەستە (بەتایبەت چاوەکان)، دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ گۆڕانکاری لە هەستەکاندا، یان گواستنەوە بۆ هەستێکی ئەرێنی.

"**چاوت جۆرێك باسی هەست و ڕازی دڵتی بۆم کردووە**"، چاوەکان لە باسکردنی هەستەکاندا کاری زمان دەکەن، چیرۆکێک دەگێڕنەوە، هەستەکان دەگەیەنن و تێڕوانینێک بۆ ڕەزامەندیی سۆزداری پێشکەش دەکەن. ئەمەش جەختکردنەوەیە لە توانای ئاماژە نازارەکییەکان، بەتایبەتی چاو، لە دەربڕینی هەستە ئاڵۆزەکاندا، تەنانەت بەبێ بەکارهێنانی وشەکانیش.

"**هەتا ئێستا هیچ زمانێک پەی بەو ڕازە نەبردووە!**"، ئەم دێڕە ئاماژەیە بۆ ئەوەی هیچ زمانێکی قسەکردن ناتوانێت بە تەواوی قووڵایی و ڕادەی ئەو هەستانە بنوێنێت، کە لە ڕێگەی چاوەکانەوە دەگوازرێنەوە. ئەمەش سنورداریی پەیوەندیی زارەکییە بە بەراورد بە هێزی ئاماژە نازارەکییەکان، بەتایبەتی چاو، کە وەک ڕاستگۆتر و واتادارتر لە وشەکان وێنادەکرێن. لەڕاستیدا ئەمە پێچەوانەی تایبەتمەندیی زمانی مرۆڤە، کە دیاردەیەکی تەواو و بێکەموکوڕییە.

**لێوەکانت گەرچی لەوەش بێدەنگترین، هیچ دەرنەبڕن**
**نیگاکانت زمانێکن.. زۆر لە لێوت ڕاستگۆترن**

لێو وەک دژایەتییەک لەگەڵ چاوەکاندا، جارێکی تر بە پێچەوانەی چاوەکان تیشک دەخرێتە سەریان. دێڕەکە ئەوە دەردەخات، کە ئەگەر لێوەکان قسە بکەن، ڕەنگە هەمان هەستی قووڵ یان ڕاستگۆیی چاوەکان نەگەیەنن. شاعیر جۆرێک لە بێباکی لە بێدەنگیی لێوەکان دەردەبڕێت، بەو پێیەی ئەوە چاوەکانن کە ڕاستترین و واتادارترین دەربڕینیان لەلایە.

**"نیگاکانت زمانێکن"**، (نیگا)، جۆرێکی دیکەی بینینە، هەڵگری سیماکانی خێرایی و کورتخایەنییە. وەک ئاماژەیەکی بەهێزی نازارەکی لە زمانی جەستەدا، پاڵپشتیی ئەو بۆچونە دەکات کە زمانی جەستە- وەک نیگایەک- دەتوانێت بەبێ هیچ وشەیەک واتا هەڵبگرێت. نیگایەک دەتوانێت کۆمەڵێک هەستی زۆر وەک سۆز، تێگەیشتن، یان تەنانەت حەسرەت دەربڕێت، بەڵام وەرگرێکی بەسەلیقەی پێویستە، کە تێیبگات.

ڕاستگۆیی چاوەکان: بیرۆکەی "چاوەکان زۆر لە لێوەکان ڕاستگۆترن"، پەنجە دەخاتە سەر ئەو تێڕوانینە لە پراگماتیک و نیشانەناسیدا، کە زمانی جەستە زۆرجار وەشانێکی ڕەسەنتر لە هەستەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات، چونکە کەمتر بە ئاگادارییەوە بەرزەفتدەکرێت یان پێکهاتەدارە لەچاو پەیوەندیی زارەکی.

ئەم شیعرە زۆر جەخت لەسەر پەیوەندیی نازارەکی، بە تایبەتی ئاماژەکانی زمانی جەستە، دەکاتەوە، کە پەیوەندییان بە چاو و لێوەوە هەیە. لێکدانەوەی زمانەوانی بۆ ئەم ئاماژانە تێڕوانینێک دەدات، کە هەستەکان، بە تایبەت خۆشەویستی، بەبێ زمانی بیستراو، بە هۆی زمانی بینراوەوە دەگوازرێنەوە.

(لەتیف هەڵمەت)یش لە شیعرێکدا دەڵێت:

***کچی جوان تەنیای لۆج بەژن وەک پەری***
***ئەبینم بەگەرمی نیو نیگام تێ ئەگری***
***ئەو چاوە کاڵانەت بڕیوە لە ڕووی من***
***لە لێوتا بزەیەک کەوتۆتە شنەشن***
***بزەیەک کە پڕە لە تیشکی ئارەزوو***
***ئەیەوێ وەک ناسیاو لەگەڵتا بێمە دوو***
***ئەیەوێ سەرنجم ڕاکێشێ بۆ لای تۆ***
***ڕووکەمە پەیکەری زیوینی باڵای تۆ*** (هەڵمەت، ٢٠٠٥: ١٦)

لەم شیعرەدا شاعیر لە ڕێگەی زمانی جەستەی یارەوەوە دەدوێت، پەسنی کچێکمان بۆدەکات جوانییەکەیمان پیشان دەدات، کە بەژنوباڵایەکی جوانی پەریئاسای هەیە، (نیو نیگام تێئەگری) ئاماژەیە بۆ پەیوەستبونی هەست و سۆزی یار بە شاعیرەوە، واتە بەو نیو نیگایەی دەدوێت و نهێنییەکان ئاشکرادەکات، پەیامە نەگوتراوەکان، بەبێدەنگ دەردەبڕێت. دەیەوێت سەرنجڕاکێش دەرکەوێت، شاعیریش هەر بە زمانی جەستە لە پەیامە نهێنییەکان تێدەگات.

لەم شیعرەدا شاعیر لە ڕێگەی زمانی جەستەی یارەوەوە دەدوێت، پەسنی کچێکمان بۆدەکات جوانییەکەیمان پیشان دەدات، کە بەژنوباڵایەکی جوانی پەریئاسای هەیە، (نیگام تێئەگری) ئاماژەیە بۆ پەیوەستبونی هەست و سۆزی یار بە شاعیرەوە، واتە بە نیگاکانی دەدوێت و نهێنییەکان ئاشکرادەکات، پەیامە نەگوتراوەکان، بەبێدەنگ

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp154-169

دەردەبڕێت. دەیەوێت سەرنجڕاکێش دەرکەوێت، شاعیریش هەر بە زمانی جەستە لە پەیامە نهێنییەکان تێدەگات.

1- **دەمولێو، لوت، سەر:** جگە لە چاو، ئەندامەکانی ڕوخسار، برۆ و دەمولێو و لوت و سەر و نیوچەوان،... ، کە لە ڕوخساری مرۆڤدا هەیە و بەشداری لە دەربڕین و ئاخاوتندا دەکەن، هەریەک لەم ئەندامانە کاریگەرییە دەرونییەکان نیشاندەدەن. (ڕۆبێرت وۆدورث) ڕەنگدانەوەی چەند بارودۆخێکی دەرونی لە ئەندامانی ڕوخساردا دەخرێتەڕو لە کاتی ئاخاوتندا وەك ( خۆشەویستی و بەزەیی و تورەیی و ڕق، ترس و ناخۆشی، سەرسامبون ، دڵخۆشی، بێزکردنەوە...هتد). (سەمەد،2021: 98-99)، ئەندامانی ڕوخسار بۆ گوزارشتکردنی ئەم بارودۆخانە لە دەقی شیعریدا هەمان ڕۆڵدەبینن. ئەوەی لەشیعری کوردیدا دەبینرێت زیاتر زمانی ڕوخسارە، جگەلە چاو؛ خەندە و پێکەنین ئاماژەی خۆشحاڵین، کە ئەندامی (دەمولێو) لێی بەرپرسن، واتە لێویش وەکو ئەندامێکی دیکەی جەستە دەبێتە زمانی جەستە و کۆمەڵێک ئاماژە و پەیامی هەیە، بزە و زەردەخەنە و پێکەنین و ...هتد، مەبەستێک بە کەسی بەرانبەر دەگەیەنن. لە شیعری کوردیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ مەبەستی جیاواز بەکاردەهێنرێت. کۆی ئەندامانی ڕوخسار لە پانتاییەکی جەستەی مرۆڤ جێگیرکراوە، کە پێی دەوترێت سەر، سەریش وەك ئەندامێکی سەربەخۆ ڕۆڵێکی کارای هەیە لە نیشاندانی ئاماژەکانی ئاخاوتن و بونیادی دەقی ئەدەبیدا.

(کەژاڵ ئەحمەد) لە هۆنراوەیەکیدا دەڵێت:

***شاخ هێندە لووت بەرزە***
***دڵی لای کەس ناکاتەوە،***
***ئەڵێ هەرگیز خۆشەویستیم نەکردووە***
***فرمێسک ئەشارێتەوە،***
***لۆچ ئەخاتە نێوچەوانی و پێناکەنێ***
***بۆیە کە ئەتەقێتەوە***
***هەموو ناخی دێتە دەرێ و***
***ئاوێکی ئاگرین بە چواردەورا ئەپرژێنێ***
***(بورکان وای وت)*** (کەژاڵ، ١٩٩٩: ١)

شاعیر لەم هۆنراوەیەدا، چەند ئەندامێکی جەستەی مەزراندووە؛ لەوانە: (لوت)، وەک ئەندامێکی جەستە و ڕوخساری مرۆڤ، کەمترین وێنەی هونەریی لێبەرهەمهاتووە، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە ڕێکی و ناڕێکیی سیمای مرۆڤدا هەیە، بەڵام شاعیران لە دروستکردنی وێنە هونەرییەکانیاندا گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنەداوە. لوت، زیاتر لە ئیدیۆمدا ڕۆڵی هەیە. لێرەشدا شاعیر ئیدیۆمی لوتبەرزی بەکارهێناوە، بە واتای فیزاوی، بەپۆز، خۆبەزلزان و قەپۆز بڵند، ئەمەش بەمرۆڤکردنی شاخە، واتە بەخشینی خەسڵەتی مرۆیی بە دیاردە و شتی بێگیان. شاردنەوەی فرمێسک، بەشێکی پەیوەندیی بە لوتبەرزییەوە هەیە و لەهەمان کاتدا مەزراندنی چاوە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، چونکە فرمێسک لە چاوەوە دەردەچێت، بەشێکی دیکەی پەیوەندیی بە باری دەرونییەوە هەیە، خۆی لاواز و بێهێز نیشانادات و گەرەکیەتی هەمیشە بەهێز و خۆڕاگر دەرکەوێت. نێوچەوان، ئەندامێکی دیکەی جەستە و ڕوخسارە، کاتێک لۆچاوی دەبێت واتە ڕەفتارێک یان دیاردەیەکی نائاسایی یان بێزارکەر لەئارادایە، یان توشی سەرسوڕمان بووە، بەڵام کە (پێناکەنێت) نیشانەیە بۆ ڕەقی و تورەیی و کینە یان ئازارێکی زۆر ناخهەژێن لە ناخیدا پەنگدەخواتەوە و لە کۆتاییشدا تەقینەوە و ئاگر و بورکان، واتاکە تەواودەکەن.

لەتیف هەڵمەت دەڵێت:

***دێم بۆ لای تۆ دێم و***
***لە ڕوخسارە زیزەکەتا... خەمی هەمو ماڵەکانی***
***سەرکارێز بەدی دەکەم...*** (هەڵمەت،2005: 309)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی زمانی جەستەوە، کە ڕوخساری زیزە، هەست بە دڵتەنگیی ئازیزەکانی دەکات، چونکە ئەو ڕووە زیزە خەمی هەمو ماڵەکانی هەڵگرتووە، بۆیە لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا هەنگاودەنێت بە ڕوی ئەو ڕووە زیز و خەمبارە کە خۆشەویستەکەیەتی.

کەژاڵ لە شیعری (پەروانەکانی هەڵەبجە)دا دەڵێت:

***پێکەنینیان لەنێو دڵی***
***ئەو قەسیدە بەختەوەرانەدا هێلانەیان چێ کرد***
***کە بەرلە وەرزی هەڵوەرین نوسرابوون و***
***نەوەی پێش بەکۆمەڵ مردن***
***وەک شەمامە بۆنیان ئەکرد و دواتر***
***بەخەندەی لێو، بە برژانگ ئەیانخوێندنەوە*** (کەژاڵ، ١٩٩٩: ٢٣)

لێرەدا شاعیر بە زمانی دەنگ دەستپێدەکات و ڕشتەکانی گوتن و بیستن تێیدا بەشدارن، دیلانێکردن و تەژیبونی گوێچکە لە دەنگدانەوەی جریوەی بەسۆزی گۆرانی و پێکەنینی منداڵانی هەڵەبجە، ئەمانە هەمویان دەنگن و دەبیسترێن، بەڵام دواتر دەچێتە سەر زمانی جەستە و بە چەند ڕەفتارێکی بێدەنگ پەیام و ئاخاوتنەکە بەکۆتادەهێنێت، کە بریتین لە بۆنکردن و خەندە و خوێندنەوە بە چاو/ برژانگ، ئەمانە زمانی بینراون و واتای ئاشکرایان بریتییە لە واتای فەرهەنگیی وشەکان، بەڵام بە واتای شاراوە بەکارهاتوون، کە ئارامی و ئاسودەیی و ڕۆشنبیریی بەرلە کۆمەڵکوژیی شارێک بەرجەستە

لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکیدا دەڵێت:

***ئەگەر دەم درێژ بکەم بۆ دەمی تۆ***
***ئەیقرتێنن ئامۆزا گیان*** (هەڵمەت،2005: 301)

شاعیر بۆ پیشاندانی خۆشەویستی بۆ ڕەگەزی بەرانبەر (دەم)ی بەکارهێناوە، دەیەوێ لە یار نزیکبێتەوە و ماچی بکات، بەڵام ڕێگر زۆرە و ناهێڵن، کە خۆی لە دابونەریت و کلتوردا دەبینێتەوە بۆیە دەڵێت: لێم ببورە تاوانی من نییە.

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

***باوێشکی تاریکایی شەختەیەکی تەزیو و زبرە***
***ئەیەوێت مێژوو بشکێنێ*** (هەڵمەت،2005: 46)

باوێشک زمانی جەستەیە لە ڕێگەی دەمەوە، کۆمەڵێک ئاماژەی هەیە، لەوانە ئاماژەیە بۆ هیلاکی و ماندویەتی و خەوهاتن، یا لە ڕێگەیەوە بەکەسی بەرانبەر بڵێت لەقسەکانت بێزارم، لێرەدا شاعیر سیفەتی بەکەسکردنی داوەتە شتێکی بێگیان؛ باوێشکی داوەتە پاڵ تاریکایی بەوەی بێزارە و ماندووە لەو واقیع و مێژووەی پێیدا تێپەڕبووە، بۆیە دەیەوێت وەکو شەختەیەکی تەزیو و زبر بەگژ مێژودا بچێتەوە و لەو مێژووە تاڵە دەربازی ببێت.

لە هۆنراوەی (پەیکەری تۆم)[2] دا دەڵێت:

***– خەم وەک پەپولە پایزە***
***چەند ئاسان دوور دەڕوات***
***بە فوویەک،***
***لە لێوی خەمکوژت!***

***– سپی و وردن***
***وەکو ڕەنگم، وەکو نیگام***
***شین و شیرین لە ئاسمانی قەدەرتام،***
***خۆشەویستم***
***با دەستم هەر لەملتابێ***
***من ڕەنگی ملپێچەکەتم.***
***لەبەرئەوەی پەیکەری تۆم***
***بەو چاوە جوانانەت سەیرمبکە***
***بۆ دۆزینەوەی نارێکیم***
***بەو دەستە تامەچەک سپییانەت***
***چەکوشکاریم تیادا بکە.***
***وەرە دەستخەرە سەر شانم و***
***وەک کارێکی ناوازەی خۆت***
***سمارتەمکە...*** (کەژاڵ، ٢٠٢٠: ١٤ - ١٧)

لە سەرەتای هۆنراوەکەدا شاعیر، خۆی وەک پەیکەرێک مەزراندووە و ئینجا کتێب. مەزراندنی پەیکەر و کتێب، کە دو کەرەستەی بێدەنگ و پڕ لە پەیامن، جۆرێکی دیکەی بەکارهێنانی زمانی جەستەن. فرە پەیامیی پەیکەر و کتێب، لە دو ڕوانگەی جیاوازی هونەرمەند و بینەر، نوسەر و خوێنەرەوە سەرچاوەدەگرێت. هەر بینەرێک لە ڕوانگەی پاشخانی ڕۆشنبیری و ئایدیۆلۆژیا و دنیابینیی خۆیەوە پەیام لە پەیکەرێک یان تابلۆیەک وەردەگرێت، کە دەشێ پەیکەرتاش و هونەرمەند پەیامی دیکەیان هەبێت. بێگومان بۆ کتێبیش بە هەمان شێوە. دواتر، لە وێنەی (لێوی خەمکوژت)دا لێوی یار بەکاردەهێنێت کە خەمڕەوێن و شادیبەخش و خەمکوژە، جارێکی دیکە خۆشی و سۆز و میهرەبانی بە ژیان و تەمەنی شاعیر دەبەخشێتەوە.

لەم هۆنراوەیەدا، یار، پەیکەرتاشێکە ملپێچی شینی لە ملە، بۆیە ڕەنگی ڕوخساری مەزراندووە بۆ لێکچواندنی ڕەنگی خۆی و ڕەنگی ملپێچی یار. ڕەنگی شین، ڕەنگێکی سارده و هەڵگری کۆمەڵێک سیمای واتاییە، لەوانە: (پاکی، شادی، ڕێزگرتن، هێمنی، جاویدانی، متمانە، هێزی دەرونی، بیرکردنەوەی قووڵ و چەندان واتای دیکە)(زەنگەنە، ٢٠٠٢، ٨٨ – ٩٠)، دواتر دەست و ملپێچ یەکدەگرنەوە و دەڵێت: (با دەستم هەر لەملتابێ)، دێتەوەسەر چاوی یار، داوای لێدەکات (بەو چاوە جوانانەت سەیرمبکە)، واتە نیگایەکی عاشقانە بکە بۆ خوێندنەوەم، بۆ شیکردنەوەم، بۆ هەڵسەنگاندنم، بۆ دۆزینەوەی نارێکی، بۆ دۆزینەوەی جوانی... ئەمەش لەوەوە دێت کە پەیکەرتاش و شێوەکاران زۆر بە وردی و کاتێکی زۆری تەمەنیان لە سەیرکردن و سەرنجدانێکی وردی کارە هونەرییەکانیاندا بەسەردەبەن.

لە پەسنی دەستی یاردا دەڵێت (دەستی تا مەچەک سپی)، وێنەیەکی دیکە دروستدەکات؛ ڕەنگی سپیی مەچەک بۆ کاری پەیکەرتاشی و ئەو مادەیەی پەیکەرەکەی لێدەتاشرێت، دەگەڕێتەوە. بەڵام هەڵگری کۆمەڵێک سیمای واتاییە، وەک: (پاکی، ڕونی، ڕاستی، ئاشتی، ڕادەستبون و چەندان واتای دیکە) (زەنگەنە، ٢٠٠٢، ٩١، ٩٢)، ئەو سیما واتاییانە لە شێوەی واتای شاراوە کاریگەرییان لەسەر واتای هۆنراوەکە هەیە. چەکوشکاریی بۆ ڕێکخستن و جوانکردن و گونجاندن و سەرلەنوێ دروستکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی جەستە و دەرونی شاعیر مەزراندووە. جارێکی دیکە (دەست) لەگەڵ (شان)دا بەکاردەهێنێت بۆ (سمارتەکردن)، کە قۆناغێکی پەیکەرتاشییە بۆ سافکردن گرێبڕین و لادانی هەر گەردێکی زیاد لەسەر پەیکەرەکان و بەتۆزکردنی خەم و ناخۆشییەکان. بەگشتی شاعیر دەبێت بە پەیکەرێکی بێگیان و بێدەنگ لە بەرانبەر یار/ پەیکەرتاشدا، کە پڕە لە پەیامی خۆشەویستی.

**3- دەست و قۆڵەکان و سینگ:** ئەم ئەندامانەش بەشێك لە واتا نیشاندەدەن لە کاتی پەیوەندیکردن و ئاخاوتندا، دەست هۆکارێکە بۆ خستنەڕوی جۆری پەیوەندی لە ڕێگەی تەوقەکردن، ئاماژە بە هەستی خۆشەویستی و دودڵی و هێز و دەسەڵات دەکات. (دەستەکان زۆرترین بەکارهێنانی جوڵاون لە کاتی گفتوگۆکردن و کردەی گەیاندندا) (غیبی، حاجی زادة، حیدری، 2021: 21). هەر جوڵەیەکی دەست و مەچەك و هەریەك لە پەنجەکانی مرۆڤ و سینگ و مل و گەردن لە شیعری کوردیدا ڕەنگدانەوەی تایبەتیان هەیە، هەر ئاماژەیەك واتای تایبەت بە خۆی هەیە. وشەی دەست و ئاماژەکانی لە شیعردا بۆ مەبەستی خوازەش بەکاردەهێنرێن، واتای سەخاوەتی و بەخشندەیی دەگەیەنێت. هەندێکجار ئاماژەیە بۆ توندوتیژی و هەڕەشەکردن. دانانی دەست لەسەر سینگ لە کاتی سڵاوکردندا ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتنی کەسی بەرانبەر. بۆ نمونە شاعیر بۆ پیشاندانی هەست و سۆز و خۆشەویستی لە ڕێگەی زمانی جەستە بە دەست و باوەشپێداکردنەوە بۆ خۆشەویستەکەی دەردەبڕێت و دەڵێت:

***خۆزگە هەزار دەستم دەبوو***
***ئەوسا بە هەر هەزار دەستم***
***توند باوەشم پیاتا دەکرد*** (هەڵمەت،2005: 184)

شاعیر بۆ دەربڕینی ئەو هەست و سۆزەی هەیەتی بۆ خۆشەویستەکەی خۆزگە دەخوازێت لە جیاتی دو دەست هەزار دەستی هەبوایە، بۆئەوەی بەهەر هەزار دەستی توند باوەش بە خۆشەویستەکەی بکات؛ لێرەدا (دەست، باوەشکردن) زمانی جەستەن، دەست بۆ باوەشکردن ڕاستەوخۆ هەستکردنە بەدڵخۆشی و کردەی قبوڵکردنە، وادەکات هەست بەخۆشەویستی و ئارامی بکەی، کەمتر هەست بەتەنیایی بکەی، ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوەی سۆزداری دروستدەکات و متمانە دەبەخشێ، هەم لە ڕەگەزی بەرانبەر هەم لەڕوی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە، لێرەدا لەڕێگەی قۆڵ و سەر خستنەسەر سینگەوە بۆ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی وێنەکەی بنیاتناوە.

لە هۆنراوەی (دەستت بێنە با بیگوشم)[3]، دەست و چاودەکات بە ئامرازی دەربڕین.

***دەستت بێنە با بیگوشم***
***ئەمڕۆ پێت ئەڵێمماڵئاوا ...***
***تۆ سەیرێکی ئاسمانی چاوانمبکە***
***بزانە لەناو تروسکەی ئەستێرە بێکەردەکانیا***
***چۆن دایکم و خەونەکانی،***

١)بە مەبەستی کورتبڕی، کۆی هۆنراوەکەمان دانەناوە.
1 ) بەمەبەستی زۆرنەبونی توێژینەوەکە، کۆی هۆنراوەکەمان دانەناوە.

***چۆن باوکم و عەرەبانە شرۆڵەکەی باوەشتەکەم***
***دە بەرلەوەی خۆم بکوژم***
***دەستت بێنە با بیکوشم*** (کەژاڵ، ١٩٩٩: ٧)

دەستگوشین، بۆ ماڵئاوایی و دابڕان و جیابونەوەی فیزیکییە، نەک گیانی. دەست نوێنەری جەستەی یارە؛ ناڵێت چاوت بێنە با ماچیکەم، قژت بێنە با بۆنیکەم، خۆت وەرە ئامێزم و با ئاوێزانت بم ...، تەنیا دەڵێ دەستت بێنە با بیگوشم. دواتر ئامرازی ئاخاوتن و گەیاندنی پەیام و لێکتێگەیشتن لە (دەست)ەوە، دەگۆڕێت بە (چاو)، (سەیرێکی ئاسمانی چاوانمبکە)، چاو ئەندامێکی بچوکی ڕوخسارە، نزیکەی (٢ – ٢.٥سم) دەبێت، بەڵام ئاسمانێکی بۆ دەئافرێنێت کە دنیای فراوانی ئەندێشەی تێدا بەرجەستە دەکات. لەو ئاسمانەدا ئەستێرەی بێگەرد تروسکەیان دێت، لەو تروسکانەدا (دایکی و خەونەکانی) لەگەڵ (باوکی و عەرەبانە شرۆڵەکەی) لەئامێزدەگرێت. ئەفراندنی ئەو جیهانە خەیاڵییە، کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ڕوبەرێکی زۆر داگیردەکات، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆڤ، کە لە جۆرەکانی دیکەی زمان و زمانی بونەوەرانی دیکەدا نییە. لەکۆتاییی هۆنراوەکەدا دیسان دەگەڕێتەوە بۆ دەستگوشین و ماڵئاوایی.

لە قەسیدەی (ئەگەر دەستی تۆم بەرکەوێت)دا، بە جۆرێکی جیاواز زمانی جەستە بەکاردەهێنێت و زیاتر جەخت لەسەر بەریەککەوتنی جەستە دەکاتەوە: (لێرەشدا کۆی قەسیدەکەمان دانەناوە.)

***– باوەڕ بکە ...***
***ئەگەر دەستی تۆم بەرکەوێت***
***ڕۆحەکەیت بەبەرما، ...***
***ئەگەر پەنجەت***
***لەسەر خەیاڵم هەڵبگرێت***
***مات ئەبم ...***
***– ڕێم بدە، کەڵای وەریوی***
***حەوشەی ژیانت بە برژانگ***
***کۆبکەمەوە***
***لەشەوی یەڵدادا.***
***بەدەستم یان بە گوزەیەکی***
***میهرەبانی وەک نیگام***
***ئاوێنم بۆ ئێنجانەکانی ماڵەکەت***
***– پەنجەت لەسەر***
***دروستکردنم هەڵبگرێت،***
***لە مەیدانی چوارچرا***
***لەسێدارە ئەدرێم!***
***وەک کۆمارەکەی مەهاباد***
***دەرووخێم.***
***ئەگەر دەستت لابەی لەسەرم***
***وەک هەڵەبجە و***
***شەنگال و دەرسیم لێدێت! ...***
***زۆر دڵنیام***
***ئەگەر دەستم لێبەربدەی***
***تاریک دادێم.***
***ئەگەر دەستی تۆم بەرکەوێت***
***وەک درەختی ئومێد دەڕوێم ...***
***تۆ باوەڕناکەی چیم لێدێت***
***ئەگەر لێوی تۆم بەرکەوێت***
***بەم هەموو زامەوە***
***دەمکەیت بە شمشاڵ***
***ناڵەم دەکەیت بە ئاواز و***
***تا دنیاش دنیایە***
***منی قامیش، بێدەنگ دەبم***
***ئەگەر قەدەر***
***لێوت لەسەر لێوم لابات!*** (کەژاڵ، ٢٠٢٠: ١٠ - ١٤)

لە دەستپێکی قەسیدەکەدا شاعیر، (دەست)ی یار، لە باری بەرکەوتندا، بە هۆکار و سەرچاوەی (ئەفراندن) گیانبەبەرداکردن و ژیان دادەنێت، ئەمەش خەسڵەتێکی یەزدانییە و بە (یار)ی دەبەخشێت. پەنجەکانیش بە هۆکاری زیندەگی و جوڵە و دەربڕین و چالاکی و دروستکەری ئەندێشە دادەنێت، بۆیە گەر یار پەنجەکانی لەسەر خەیاڵی شاعیر هەڵبگرێت؛ مات دەبێت، واتە لە بەرهەم و جوڵە دەکەوێت، دەچێتە قۆناغی سستبون و متبونەوە.

جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ دەست و دەیکات بە هێما و هۆکاری ژیان و زیندوێتی و مانەوەی نەتەوەیەک! بە لاچونی ئەم دەستە، کارەساتە خوێناوی و جەرگبڕەکانی دژ بە مرۆڤ هاوشێوەی ڕوخانی کۆمار و هەڵەبجە و دەرسیم و شەنگال دوبارە دەبنەوە. دەست هێمای ڕوناکی و ڕۆشنکەرەوەی ژیانە، بە نەبونی، تاریکی دنیا دادەگرێت. دەستبەرکەوتن، ژیان و بەهاری درەخت و هیواکانە.

لە بەشێکی دیکەی قەسیدەکەدا، هەر لە هەستی بەرکەوتندا، (دەست) دەگۆڕێت بە (لێو)، بەرکەوتنی لێو واتە هونەر، مۆسیقا، ئاواز؛ بەگشت زامەکانییەوە دەبێت بە شمشاڵێکی پڕئاواز و ناڵەی پڕسۆز دەژەنێت، واتە گشت جەستەی دەبێت بە ئامێری شمشاڵ، هاوشێوەی ئەو زەل و قامیشانەی لە سروشتدا بە بای سروشت تۆنی مۆسیقایان لێ دەردەچێت، بەڵام بە دورکەوتنەوەی لێوەکان، بۆهەمیشە بێدەنگ دەبێت.

بەهەمان شێوە پەشێویش لە شیعری(ئەی گوڵی زەرد)لە کۆپلەیەکا دەڵێت:

***بمکرە باوەش، هیواو، ئاواتم،***
***ئەو باوەشەی بۆم بێشکەی ئاواتە***
***بملاوێنەوە تاکو لە لاتم،***
***کە مەستی ڕاستیم تەنیا ئەوساتە*** (پەشێو١، 2008، 48)

شاعیر لە ڕێگەی زمانی جەستە/ باوەش پێداکردنەوە خۆشەویستی بۆ خۆشەویستەکەی دەردەبڕێت و بۆ پیشاندانی هەست و سۆز و خۆشەویستی داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات لە باوەشی بکات و بیلاوێنێتەوە، چونکە ڕاستییەکان لەودا دەدۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە هیواو ئاواتەکانی. لە باوەشکردن هەستکردنە بەدڵخۆشی و کردەی قبوڵکردنە، وادەکات هەست بەخۆشەویستی و ئارامی بکەی، کەمتر هەست بەتەنیایی بکەی، ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوەی سۆزداری دروست دەکات و متمانە لەنێوان دوکەسەکە دروستدەکات، لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکی پتەوی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp154-169

ســـۆزداری و کۆمەڵایەتی دروســـت دەکات هەم لە ڕەگەزی بەرانبەر هەم لەڕوی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە.

لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکیدا دەڵێت:

***گەر ڕووباری باسکەکانت ئاگریش بن***

***من حەز دەکەم پەنجەکانی تێژەنم*** (هەڵمەت،2005: 220)

باسـک و پەنجە دو ئەندامی جەسـتەن، کە شـاعیر ئاماژەی پێکردون، لەڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە مەبەســـتە واتاییەکە دەخاتەڕو، واتە بە شــــێوەیەکی میتافۆر سۆزی خۆی بۆخۆشەویستەکەی دەردەبڕێت، پێیوایە ئەگەر دەستەکانی ئاگریش بن، ئـەو ئـارەزوی دەســـتلێدانی دەکات و ســـڵ لە ئـاگر ناکاتـەوە، بـەشـــێك لە خۆشـــەویســـتییەکەی لە ئەندامانی جەســـتەی بەرجەســـتە دەکات. هەروەها لە هۆنراوەیەکی تردا دەڵێت:

***دەستی ئادەم دی لە ژێر چەنەی***

***پەشیمانی ڕەشی خۆیدا***

***حەوا بە زەنگۆڵەی فرمێسکە تاساوەکانی***

***بۆی ئەشۆری*** (هەڵمەت،2005: 40)

شاعیر لە ڕێگەی ئاماژەی دەستەوە، ئاماژە بۆ بێدەسەلاتی و دۆشدامانی و پەشیمانی ئادەم دەدا، لەوەی کەوا حەوا بەسـەری هێناوە، بۆیە حەواش بە زەنگۆڵەی فرمێسکە تاساوەکانی بۆی ئەشۆرێ لەوەی پێیکردووە.

4- **لەشولار و قاچەکان**: بەشی خوارەوەی جەستەی مرۆڤە، کۆمەڵێك ئاماژەی گرنگ لەخۆدەگرێـت، وەك هێز و خۆبـەگـەورەزانین و متانـە و توانای بـەڕێوەبردن و ســەرکردایەتیکردن. لە شــیعری کوردیدا ئەم بەشــەی جەســتە کەمتر بەشــدارە لە بونیادی دەق شـــیعریدا، تەنها لە هەندێك بارودۆخدا نەبێت بۆ وەســـفکردن و پیاهەڵدان بە لەشـــولاری ژن، وێنەی هونەری بەرجەســـتە دەکرێت، یان نیشـــاندانی سۆز و خۆشەویسـتی بە جولەی لە باوەشـگرتن و خواحافیزی، کە کۆی جەسـتە لە ئاماژەکاندا بەشـداری دەکات. جەسـتەی مرۆڤ بە پێی بارودۆخەکان لەکاتی ئاخاوتندا واتای جیاواز دەگەیەنن، وەك بارودۆخی جەســـتە لە کاتی دانیشـــتندا، یان لە کاتی وەســـتاندا، جۆری دانیشـــتن و جۆری وەســـتانەکە چەندەها ئاماژەی جیاواز لەخۆدەگرێت. بۆنمونە پەشێو لە شیعری (دووبەرەکی)دا دەڵێت:

***شەو لە خەوما ئارامگەی حاجیم دیتەوە***

***چۆکم دادا، سوژدەم برد بۆی***

***گوتم: حاجی پەرێشانین***

***سەری کز کرد،***

***دەستی دانا سەر دڵی خۆی***

***گوتی: مەردبە زیندووم کەوە!*** (پەشێو٢، 2008، 126)

چۆک، سەر، دەست کۆمەڵێک ئەندامی جەستەن دەبنە زمانی جەستە و کۆمەڵێک ئاماژە و پەیامیان هەیە؛ چۆکدادان و سوژدەبردن بەواتای چەمانەوە و سـەردانەواندن دێت، بەڵام بەواتای خۆ بچوکردنەوە نا، بەڵکو بەواتای ڕێزلێنان و ســـتایشـــکردنی حاجی قادری شـاعیری گەل و نیشـتمانپەروەرە، بۆیە حاجیش هەر لە ڕێگەی زمانی جەسـتەوە لەڕێگەی سـەرکزکردن و دەسـتدانانە سـەردڵی وەڵامی ئەرێنی دەداتەوە؛ واتە شاعیر لە ڕێگەی ئەندامەکانی جەسـتەوە قاچ و دەسـت و سـەر و... پەیامی ناڕازیبون و بێزاری و توڕەیی دەگەیەنێت.

(کەژاڵ ئـەحـمـەد)یش لە شـــیـعری (باخـەوان مـانـدووترە لە ئـاو)دا، جولەی چەند ئەندامێکی جەستەی مەزراندووە، کە بریتین لە (جەستە، سنگ، دەم، چاو):

***باخەوان ماندووترە لە ئاو***

***پێت سەیرە ئانوشتێیمەوە***

***بەتەنیا بۆ***

***بۆنکردنی گوڵێک نەبێت ...***

***سنگ و بەرۆک ناکەمەوە***

***بۆ شیردان بە شیعر نەبێت ...***

***پێناکەنم بەدەم کەرووی***

***جەستەی نیشتانێکەوە***

***بۆگەنی کردووە!***

***ناشگریم لەبەردەم قەوزەیەکدا بەهۆیەوە***

***حەوزی ژیانی ئەم خەڵکە لیقبووە!!*** (کەژاڵ، ٢٠٢٠: ١)

نانوشتێیمەوە، واتە کڕنوشنابەم و ناچەمێمەوە و سەردانانوێنم و خۆشم بەبچوک نازانم، سنگ و بەرۆکیشم ناکەمەوە، بۆ خۆدەرخستن و چێژبەخشین و شینوڕۆڕۆ، پێناکەنم و ناشگریم، مەگەر بۆ بۆنکردنی گوڵ و شیردان بە شیعر. واتە وەستانێکی بێجولەیە، ئەمەش هەر زمانی جەســتەیە و واتای ناڕازیبون و بێزاری و توڕەیی دەگەیەنێت، بە گشت ئەندامانی جەستە (لەشولار)، پەیامەکە دەردەبڕێت.

لەتیف هەڵمەت لە شیعرێکیدا دەڵێت:

***هەمو ئەو کچانەی کە خۆشم دەوێن..***

***ڕوخسارە ناشیرنە جوانەکەم و لەشە لاوازەکەم ...***

***لەیاد دەکەن و***

***شیعرەکانم دەخوێننەوەو***

***هەرناویشم نازانن...*** (هەڵمەت،2005 : 425)

شاعیر لە ڕێگەی زمانی جەستەیەوە جەخت لە مانەوەی شیعرەکانی و خوێندنەوەیان دەکات، لە ڕێگەی کۆکردنەوەی دو وشەی دژ ئەویش ڕوخساری ناشیرینی جوانی و لەشـــەلاوازەکەی، دەیەوێت بڵێت جەســـتە شـــتێکی کاتییە و لەناودەچێت ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها شـــیعرەکانیەتی، ئەمەش مانای ڕازیبونی خۆی دەگەیەنێت لە بەهرەی خۆی و زاڵکردنی بەسەر جەستەی لاوازی.

## ٤.٢ ئامارەکان:

لێرەدا بەخشـتە زانیاری تەواو سـەبارەت بە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەندامانی جەسـتە لەم دیوانەشیعریانەی کە کارمان لەسەر کردووە دەخەینەڕو:

لەتیف هەڵمەت- کۆمەڵەشیعری خواو شارە بچکۆلەکەمان- (27) هۆنراوە

| ز | ئەندامی جەستە | دووبارەبونەوە | ئاسایی | زمانی جەستە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1. | چاو، نیگا، برژانگ، فرمێسک، پێڵو | 37 | ١٨ | 19 | %51.351 |
| 2. | دەست، باڵ، قۆڵ، پەنجە | 5 | 4 | 1 | %20 |
| 3. | جەستە، لەش | 3 | 2 | 1 | %33.3 |
| 4. | سەر | 4 | 4 | 0 | |
| 5. | گوێ | 5 | 5 | 0 | |
| 6. | سنگ | 3 | 2 | 1 | %33.3 |
| 7. | دەم، لێو | 8 | 5 | 3 | %37.5 |
| 8. | پشت | ٢ | ٢ | ٠ | |
| 9. | ددان | 0 | 0 | ٠ | |
| 10 | قژ | 5 | 5 | 0 | |
| 11 | لوت | ٢ | 2 | 0 | |
| 12 | ئاوێزان | 0 | ٠ | 0 | |
| 13 | زمان | 0 | ٠ | 0 | |
| 14 | ڕیش | 0 | ٠ | 0 | |
| 15 | سک | 0 | 0 | ٠ | |
| 16 | شان | ١ | ١ | ٠ | |
| 17 | | | | | |
| 18 | گەردن | 3 | 3 | ٠ | |
| 19 | ناوقەد | ١ | ١ | ٠ | |
| | سەرجەم | 79 | 54 | 25 | %31.645 |

بەپێی سەرنج و بەدواداچونمان لە دیوانی (خواو شارەبچکۆلەکەمان)ی (لەتیف هەڵمەت)دا، کە لە (27) هۆنراوە پێکهاتووە، (79)جار ناوی ئەندامانی جەستەی بەکارهێناوە، بەڵام (٢٥)یان ڕۆڵی زمانی جەستەیان بینیوە، دەکاتە (31.645%). وەک لە خشتەکەدا دیارە، زۆرترین دوبارەبونەوەی ناوی ئەندامی جەستە (چاو و پێکهاتەکانی)ە، کە (37) جار هاتووە و (19)جار ئەرکی زمانی جەستەیان بینیوە، دەکاتە ڕێژەی (51.351%)ی بەکارهێنانەکانی چاو. دواتر بە پلەی دووەم (دەم و پێکهاتەکانی)دێت؛ ئەویش (8)جار دوبارە بۆتەوە و لە (3)جێگەدا وەکو زمانی جەستە بەکارهاتووە، دەکاتە (37.5%)، بێگومان (چاو و پێکهاتەکانی) زیاتر وەک زمانی جەستە ئەرکی بینیوە، هەندێک لە ئەندامانی جەستە تەنیا ناویان هاتووە و دوبارە بونەتەوە، بەڵام ئەرکی زمانی جەستەیەن نەبینیوە.

- عەبدوڵڵا پەشێو- کۆمەڵەشیعری فرمێسک و زام- (21) هۆنراوە

| ز | ئەندامی جەستە | دووبارەبونەوە | ئاسایی | زمانی جەستە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چاو، نیگا، برژانگ، فرمێسک، پێڵو | 15 | 10 | 5 | %33.333 |
| ٢ | دەست، باڵ، قۆڵ، پەنجە | 9 | 7 | 2 | %22.222 |
| ٣ | جەستە، لەش | 3 | 3 | 0 | |
| ٤ | سەر | 2 | 2 | 0 | |
| ٥ | گوێ | 0 | 0 | 0 | |
| ٦ | سنگ | 5 | 5 | 0 | |
| ٧ | دەم، لێو | 11 | 9 | 2 | %18.181 |

بەپێی سەرنج و بەدواداچونمان لە (کۆمەڵەشیعری فرمێسک و زام)ی (عەبدوڵڵا پەشێو)دا، کە لە (21) هۆنراوە پێکهاتووە، (51)جار ناوی ئەندامانی جەستەی بەکارهێناوە، (9)یان ئەرکی زمانی جەستە دەبینن، زۆرترین دوبارەبونەوەی ناوی ئەندامی جەستە (چاو و پێکهاتەکانی)ە، کە (15) جار هاتووە و (5)جار ئەرکی زمانی جەستەیان بینیوە، دەکاتە ڕێژەی (33.333٪)ی بەکارهێنانەکانی چاو. دواتر بە پلەی دووەم (دەم و پێکهاتەکانی)دێت؛ ئەویش (11)جار دوبارە بۆتەوە و لە (2)جێگەدا وەکو زمانی جەستە بەکارهاتووە، دەکاتە (18.181٪)،دواتر بە پلەی سێیەم (دەست و پێکهاتەکانی)دێت؛ ئەویش (9)جار دوبارە بۆتەوە و لە (2)جێگەدا وەکو زمانی جەستە بەکارهاتووە، دەکاتە (22.222٪)، بێگومان (چاو و پێکهاتەکانی) زیاتر وەک زمانی جەستە ئەرکی بینیوە.

- عەبدوڵڵا پەشێو- کۆمەڵەشیعری بەرەو زەردەپەڕ- (74) هۆنراوە

| ز | ئەندامی جەستە | دووبارەبونەوە | ئاسایی | زمانی جەستە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەست، قۆڵ، پەنجە | 25 | 18 | 7 | %28 |
| ٢ | چاو، نیگا، گریان برژانگ، فرمێسک | 38 | 26 | 12 | %31.578 |
| ٣ | دەم، لێو | 7 | 5 | 2 | %28.571 |
| ٤ | جەستە، لەش | 3 | 2 | 1 | %33.333 |
| ٥ | سەر/ کەللە | 3 | 3 | 0 | |
| ٦ | سنگ/ بەرۆک | 3 | 3 | ٠ | |
| ٧ | ڕو/ پێکەنین | 2 | 2 | 0 | |
| ٨ | قاچ | 3 | 3 | ٠ | |
| ٩ | باوەش | ٢ | 2 | 0 | |
| ١٠ | زمان | 0 | 0 | ٠ | |
| ١١ | ددان | 0 | 0 | ٠ | |
| ١٢ | پشت | 0 | 0 | ٠ | |
| ١٣ | ڕیش | 0 | 0 | ٠ | |
| ١٤ | شان | 0 | ٠ | 0 | |
| ١٥ | گەرو | 0 | 0 | ٠ | |
| ١٦ | سەرجەم | 86 | 64 | 22 | %25.581 |

لەم کۆمەڵە شیعرەدا، کە (74) هۆنراوە لەخۆدەگرێت، دەرکەوتووە، (86)جار ناوی ئەندامانی جەستەی بەکارهێناوە، (٢٢)یان ئەرکی زمانی جەستە دەبینن،

دەکاتە ڕێژەی (25.581 ٪). زۆرترین دووبارەبوونەوە ئەندامی (چاو و پێکهاتەکانی) تۆماری دەکات؛ (38)جار هاتووە و (12)یان ئەرکی زمانی جەستە دەبینن، دەکاتە (31.578٪). (دەست و پێکهاتەکانی)، بە پلەی دووەم دێت؛ (25) جار دووبارە بۆتەوە، (7)یان ئەرکی زمانی جەستە دەبینن، دەکاتە (28٪).هەندێک لە ئەندامانی جەستە تەنیا ناویان هاتووە.

-کەژاڵ ئەحمەد- دیوانی وتەکانی وتن- (٣٥) هۆنراوە.

| ز | ئەندامی جەستە | دووبارەبوونەوە | ئاسایی | زمانی جەستە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | چاو، نیگا، برژانگ، فرمێسک، پێڵو | ٢٨ | ١٨ | ١٠ | ٪ ٣٥.٧ |
| ٢ | دەست، باڵ، قۆڵ | ٢٨ | ٢٣ | ٥ | ٪١٧.٨ |
| ٣ | جەستە | ٨ | ٨ | ٠ | |
| ٤ | سەر | ٤ | ٤ | ٠ | |
| ٥ | گوێ | ٤ | ٤ | ٠ | |
| ٦ | سنگ | ٣ | ٣ | ٠ | |
| ٧ | لێو | ٣ | ٢ | ١ | ٪٣٣.٣ |
| ٨ | پەنجە | ٢ | ٢ | ٠ | |
| ٩ | پشت | ٢ | ٢ | ٠ | |
| ١٠ | ددان | ٢ | ٢ | ٠ | |
| ١١ | دەم | ٢ | ٢ | ٠ | |
| ١٢ | قژ | ٢ | ١ | ١ | ٪٥٠ |
| ١٣ | لوت | ٢ | ١ | ١ | ٪٥٠ |
| ١٤ | ئاوێزان | ١ | ٠ | ١ | ٪١٠٠ |
| ١٥ | زمان | ١ | ٠ | ١ | ٪١٠٠ |
| ١٦ | ڕیش | ١ | ٠ | ١ | ٪١٠٠ |
| ١٧ | سک | ١ | ١ | ٠ | |
| ١٨ | شان | ١ | ١ | ٠ | |
| ١٩ | قاچ | ١ | ١ | ٠ | |
| ٢٠ | گەردن | ١ | ١ | ٠ | |
| ٢١ | ناوقەد | ١ | ١ | ٠ | |
| | سەرجەم | ٩٨ | ٧٧ | ٢١ | ٪ ٤٢.٢١ |

بەپێی سەرنج و بەدواداچونمان لە دیوانی (وتەکانی وتن)ی (کەژاڵ ئەحمەد)دا، کە لە (٣٥) هۆنراوە پێکهاتووە، (٩٨)جار ناوی ئەندامانی جەستەی بەکارهێناوە- جگە لە دڵ، ڕەحم و جەرگ- بەڵام (٢١)یان ڕۆڵی زمانی جەستەیان بینیوە، دەکاتە (٢١.٤٢٪). وەک لە خشتەکەدا دیارە، زۆرترین دووبارەبونەوەی ناوی ئەندامی جەستە (چاو و پێکهاتەکانی)ە، کە (٢٨) جار هاتووە و (١٠)جار ئەرکی زمانی جەستەیان بینیوە، دەکاتە ڕێژەی (٣٥.٧٪)ی بەکارهێنانەکانی چاو. دواتر بە پلەی دووەم (دەست و پێکهاتەکانی)دێت؛ ئەویش (٢٨)جار دووبارە بۆتەوە و لە (٥)جێگەدا وەکو زمانی جەستە بەکارهاتووە، دەکاتە (١٧.٨٪)، بێگومان (چاو و پێکهاتەکانی) زیاتر وەک زمانی جەستە ئەرکی بینیوە، بەڵام دەست بەشێوەی ئاسایی زیاتر دووبارەبۆتەوە. هەندێک لە ئەندامانی جەستە تەنیا ناویان هاتووە و دووبارە بونەتەوە، بەڵام ئەرکی زمانی جەستەیەن نەبینیوە، کە ئەمانەن: (پەنجە، پشت، ددان، دەم، سک، شان، ناوقەد ، قاچ و گەردن).

- کەژاڵ ئەحمەد- دیوانی زمانی باڵندەم دەزانی- (١٣) هۆنراوەیە.

| ز | ئەندامی جەستە | دووبارەبونەوە | ئاسایی | زمانی جەستە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەست، قۆڵ، مەچەک | ٢٣ | ٩ | ١٤ | ٪٦٠.٨ |
| ٢ | چاو، نیگا، گریان برژانگ، فرمێسک | ١٨ | ٨ | ١٠ | ٪٥٥.٥٥ |
| ٣ | لێو | ٩ | ٢ | ٧ | ٪٧٧.٧٧ |
| ٤ | جەستە | ٨ | ٦ | ٢ | ٪٢٥ |
| ٥ | سەر/ کەللە | ٧ | ٦ | ١ | ٪١٤.٢٨ |
| ٦ | سنگ/ بەرۆک | ٦ | ٦ | ٠ | |
| ٧ | ڕو/ پێکەنین | ٥ | ٣ | ٢ | ٪٤٠ |
| ٨ | دەم | ٤ | ٤ | ٠ | |
| ٩ | پەنجە | ٣ | ٠ | ٣ | ٪١٠٠ |
| ١٠ | پێ | ٣ | ٣ | ٠ | |
| ١١ | باوەش | ٢ | ٠ | ٢ | ٪١٠٠ |
| ١٢ | زمان | ٢ | ٢ | ٠ | |
| ١٣ | ددان | ٢ | ٢ | ٠ | |
| ١٤ | پشت | ١ | ١ | ٠ | |
| ١٥ | ڕیش | ١ | ١ | ٠ | |
| ١٦ | شان | ١ | ٠ | ١ | ٪١٠٠ |
| ١٧ | گەرو | ١ | ١ | ٠ | |
| | سەرجەم | ٩٦ | ٥٤ | ٤٢ | ٪٤٣.٧٥ |

بە سەرنجدان لە دیوانی (زمانی باڵندەم دەزانی)ی کەژاڵ ئەحمەد، کە (١٣) هۆنراوە لەخۆدەگرێت، دەردەکەوێت (٩٦)جار ناوی ئەندامانی جەستەی بەکارهێناوە، (٤٢)یان ئەرکی زمانی جەستە دەبینن، دەکاتە ڕێژەی (٤٣.٧٥ ٪). زۆرترین دووبارەبونەوە ئەندامی (دەست و پێکهاتەکانی) تۆماری دەکات؛ (٢٣)جار هاتووە و (١٤)یان ئەرکی زمانی جەستە دەبینن، دەکاتە (٦٠.٨٪). (چاو و پێکهاتەکانی)، بە پلەی دووەم دێت؛ (١٨) جار دووبارە بۆتەوە، (١٠)یان ئەرکی زمانی جەستە دەبینن، دەکاتە (٥٥.٥٥٪). کەمترین بەکارهێنان (شان)ە، یەک جار بەکارهاتووە و ئەرکی زمانی جەستەی بینیوە. ئەندامانی وەک: (سنگ، دەم، پێ، زمان، ددان، ڕیش، پشت، گەرو) بە ڕێژەی جیاواز ناویان هاتووە و ئەرکی زمانی جەستە نابینن.

## ئەنجام:

١. زمانی جەستە لە ئەدەبدا ئامرازێکی فرە لایەنەیە، کە گێڕانەوە دەوڵەمەند دەکات بە داپێنکردنی چیرۆکێکی بێدەنگ هاوتەریب لەگەڵ دەربڕینی زارەکیدا.

٢. جەختکردن لە نیگای چاو و جوڵەی دەست و جەستە بەگشتی یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی پەیامەکە و کاریگەرترکردنی. دەکرێ بڵێین کە پەیوەندیی نازارەکی ڕۆڵێکی کاریگەر لە ئاڵوگۆڕی زانیاری و واتاکان لە دەقی شـیعریدا دەگێڕێت. مرۆڤ بە پەسـنکردنی زمانی جەستە دەتوانێت لە ڕوبەڕوبونەوە و کارلێکی کارەکتەرەکان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا تێبگات. بەم شێوەیە خوێنەر پێگەی قسەکەر و ئامادەبوان

و هەڵوێستی یەکتر بەرامبەر بە یەکتر و جۆری هەست لە ڕەوتی شیعرەکەدا بدۆزێتەوە.

٣. لە مەزراندنی زمانی جەستەدا، شاعیران ئەو جوڵە و شێوانەیان بەکارهێناوە، کە لەڕێگەی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە پیشان دەدرێن لەوانە(چاو، دەست، دەم ، ڕوخسار، لەش و لار....) کە بەوهۆیەوە لایەنی دەرونی هەستی کەسەکان پیشان دەدات.

٤. زمانی جەستە لای هەردو ڕەگەز بۆ یەک مەبەست پەیڕەوکراوە، بەگوێرەی دابونەریت و کلتور، بەڵام ئەوەی لای ئافرەت زیاتر هەستی پێدەکرێت و هەست بە جۆرێک لە نەرمی هێمنی ئارامی زیاتر دەکرێت، وەک لە دەربڕینەکانی پیاو.

٥. بەشێوەیەکی گشتی لە شیعری کوردیدا، زمانی ڕوخسار زیاتر بەکارهاتووە لەچاو ئەندامانی تری جەستە.

٦. شاعیرانی هاوچەرخ گرنگیان بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ داوە، بە پێی ئەو ئامارەی لە دیوانی شاعیراندا کراوە، چاو پلەی یەکەمی هەیە لە بەکارهێنادا لای شاعیرانی ناوبراو، دەم و لێو بە پلەی دووەم دێت، دەست و قۆڵ و باسك بە پلەی سێیەم دێت دواتر گەردن و سینگ و لەش و لار.

٧. ئەندامانی جەستە لە شیعری شاعیراندا، بە چەند شێوەیە بەکارهاتووە، بە مەبەستە زمانی جەستە، یان بە شێوەی میتافۆر، یان بە واتای فەهەنگی، کە هیچ ئاماژەیەکی زمانی نیشان نادات.

## سەرچاوەکان


ئەحمەد، شنە ئەبوبەکر (2008) زمانی جەستە، توێژینەوەیەکی وەسفی مەیدانییە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.

بێچار،ساڵح (2019) دیوانی ساڵح بێچار، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، کوردستان.

بەرزنجی، فەرەیدوون عەبدول(٢٠١٨)، دیوانی فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، سلێمانی، کتێبخانەی یادگار.

پەشێو١، عەبدوڵڵا(2008) پشت لەنەواو ڕوو لەکرێوە شیعری 1965-1979، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

پەشێو٢، عەبدوڵڵا(200) هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا شیعری 1980-2005، چاپی سێیەم،هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

الخولي، محمد علي(1982) معجم علم اللغه النظري، ط1، بیروت، ساحه الریاض الصلح.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر ( 2014) زمانەوانیی دەرونی، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر( 2015) زمان و کەسایەتی، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

ڕۆبەرت ئێڵ، وایتسایدی(2007) زمانی ڕوخسار، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: مینە، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای ئاوێنە.

زەنگەنە، مستەفا (٢٠٠٢) ڕەنگ لە زمانی کوردیدا- لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکی سیمانتیکییە، زنجیرەی بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە ٩، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

سەمەد، مەریوان ئەسعەد (2021) شیکردنەوەی کردە قسەییەکان لە دەربڕینە نازمانییەکان (زمانی جەستە)، نامەی ماستەر، فەکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

صالح، پەروەر عبدالرحمن (2014) هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیکس، زمانی بواری پزیشکی بە نمونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، کۆلیژی زمان،.

عبدالاحد غیبی، محین حاجی زاده، شهلا حیدری (٢٠٢١) توظيف لغة الجسد وغايتها في اشعار الحب عند بدر شاكر السياب، اضاءات نقدية، السنة ١١، العدد ٤١.

کەژاڵ ئەحمەد (١٩٩٩) وتەکانی وتن، سلێمانی.

____. (٢٠٢٠) زمانی باڵندەم دەزانی، سلێمانی.

گۆران، محەمەدی مەلا کەریم (١٩٨٠) دیوانی گۆران، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

قادر، کاروان عومەر(2016) ڕێزمانی بینراو لە زمانی بینراودا(وێنەکاریی پەروەردەیی وەك نموونە)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ژمارە(38).

مەدهۆش، محەمەد عەلی (١٩٧٦) دڵی کچان، بەغدا.

مینە، محەمەد ئەمین حسین (2004) زمانی جەستە، پەیوەندییە گۆنەکراوەکان، هەرێمی کوردستان.

مینە، محەمەد ئەمین حسین (2007) زمانی جەستە درۆ و هێماکانی درۆکردن، سلێمانی، چاپخانەی ئاوێنە.

نالی، مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم (١٩٧٦) بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

الن پیز، ( 2014) زمانی جەستە، و: دانا نادر محەمەد، چاپی سێیەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

هەڵمەت، لەتیف(2005) دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.

وەفایی، موحەممەد سەعید نەجاری(ئاسۆ)، (١٣٨٩) سنندج، انتشارات کردستان.

Allan & Barbara Pease, (2004) BODY LANGUAGE, Australia

Davies and Elder, (2004) The Handbook Of Applied Linguistics. USA, Blackwell Publishing,.

Kar, A., & Kar, A. (2017) How to Walk Your Talk: Effective Use of Body Language for Business Professionals. *The IUP Journal of Soft Skills*, 11, 16.

Portch, Stephen R. (1985) Literature's Silent Language nonverbal Communication.

REN Zhi-peng, (2014) Body Language in Different Cultures, DAVID PUBLISHING, Vol. 12, No. 12, 1029-1033.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n2y2025.pp154-169